# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی پێنجەم ژمارە(109) بەرواری 1-11-2021 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


دۆسیەی ژمارە" عێراق و کوردستان دوای هەڵبژاردنەکان"

## هەریەك لە بەڕێزان پشدەر بابەکر، مەریوان زەندی، بڕوا رەسوڵ... بەشداریان تیادا کردووە...ل12_13_14



## نارەزایەتی مامۆستایانی وانەبێژ بەردەوامە.... بۆ سەرکەوتن پێویستی بە ڕێکخراوبوون و پشتگیری هەیە!



لەگەڵ دەسپیکی ساڵی تازەی خوێندنی هەر ساڵێک، مامۆستایانی وانەبێژ، لەزوربەی زۆری شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەرژێنە سەر شەقامەکان، کۆبونەوەی نارەزایەتی لە ناوەندی شارەکان، بەردەم وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان، تادەگاتە بەردەم پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران! وەرێدەخەن... ئامانجی ئەم مامۆستایانە کە ژمارەیەیان زیاتر لە ٢٠ هەزار مامۆستایە، تەنها ئەوەیە کارەکەی خۆیان کە مامۆستایەتییە، بۆ

بۆ لاپەڕە 3

## پێویستە هەموو گیراوەکانی بادینان ئازاد بکرێن!

سەرئەنجام و دوای گوشارێکی زۆری ناوخۆیی و دەرەوە، چەند بەندکراوێکی نارەزایەتییە جەماوەییەکانی بادینان دوای زیاتر لەساڵیک لە زیندان مانەوەیان و سیناریۆ سازکردن بۆیان ئازادکران، بەڵام هیشتا بەدەیان لە هەڵسوڕوان و بەشداربووانی خۆپیشاندانەکانی تری دەڤەری بادینان کە نزیکەی ٧٠ کەس دەبن، لە زیندان ماون و ئەوانیش زیاتر لە ساڵیکە بێدادگایی هێڵراونەتەوە.



دەستگیرکردنی ئەم هەڵسوراو و رۆژنامەنووس و چالاکوانانە، بەهۆکاری بەشداری لە خۆپیشاندن و وەریخستنی نارەزایەتی لە پێناو موچە و خزمەتگوازرییەکاندا، چەندە تاوانەو نیشانەی ترسی دەسەڵاتە لە دەنگی رەواو حەقخوازانە، مانەوە و هیشتنەوەیان بۆ ماوەی ساڵیکیش لە زینداندا، تا هۆنینەوەی تۆمەت و بوختانی پوچ و

بۆ لاپەڕە 3

## ژمارەیەک لە هەڵسوڕاوان و چالاکوانی کرێکاریی و جەماوەری ڕاگەیاندنێک بەدژی هەڕەشەو ترساندنیان لەلایەن جمهوری ئیسلامیەوە، بڵاودەکەنەوە...



**دەقی راگەیاندنەکە:**

ڕاگەیاندراوی هاوبەشی چالاکانی چەپ و کرێکاری سەبارەت بە پەیوەندی تەلەفونی و هەرەشەکانی ئەم دواییانەی مەئمورانی وەزارەتی ئیتلاعات

 بارودۆخی کارەساتباری ئابوری و کۆمەلایەتی کە چینی باڵادەست بەسەر کۆمەڵگە بە تایبەتیی چینی...

بۆ لاپەڕە 3


لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

* دامەزراندنی یەکەمین حکومەتی شورایی لە جیهاندا..........................ل4

*بزوتنەوەی کرێکاری بەهێزو یەکگرتوو بەرەو ئاسۆی روون ..................ل5

*سەرنجێك لەسەر حزبی شیوعی و کۆمۆنیستەکان............................. ل6


## قاعیدە لەبەرامبەر داعش دا: تێکۆشان و ململانێی هێزە جیهادییەکان لە (ئەفغانستان) ع تاڵیبان دا!..ل10-11

## وتەی ژمارە

## عێراق دوای هەڵبژاردنەکان و پرسی پێکهێنانی حکومەت!

**عەبدوڵا مەحمود**

هەڵبژاردنی ١٠/١٠... لەژێر گوشاری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بوو، بەڵام ملدانی هیزە بۆرژوازییەکانی عیراق بەو هەڵبژاردنە، بەجیا لەوەی داننان بوو بە کاریگەری ئەم بزوتنەوەیە، هاوکات وەکو ڕێگایەک بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریەکان و رۆڵی بزوتنەوەی نارەزایەتی و پاشەکشەپیکردنی بەدەستەوە گیرا. ویستیان لە رێگای ئەو هەڵبژاردنەوە بە جەماوەری نارازی بڵێن کە ئەوان خزمەتکاری جەماوەرن و لەئاست ویست و داخوازی ئەواندا ئامادەی وەستان لەسەر قاچێکن... ئیستاش کە سەقاڵێ پیکهێنانی حکومەتن، ناتوانن جیگاو ڕیگای بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و کاریگەرییەکانی نادیدە بگرن.



لەکوردستانیش هێزو حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەدوای ئەوەوەبوون لە ریّگای هەڵخراندنی ئیحساساتی نەتەوەیی و نیشاندانی غولە ناسیونالیست و دینییەکانیان لە عیراقدا، دابران و ناکۆکی خۆیان لەگەڵ خەڵکی کوردستان بشارنەوەو ریگای ئاشتبوونەوە بگرنەبەر و تورەیی جەماوەری بەرەوخاوبوونەوە ببەن.

چ لە عێراق و چ لە کوردستاندا جەماوەری توڕەو ناڕازی لە هەڵبژاردنەکاندا، بە شکستکیشانی هەڵبژاردنەکان و بەشداری نەکردن لەو گەمەیەی تەنها روخساری دەسەڵاتی میلیشیایی و نۆکەر پیشەیی سواغ دەدات و دەشارێتەوە، نیشانیاندا کە هەڵگری هەمان پەیامی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرین کە لەسەراسەری عێراقدا قوڵپی دەدا. وە دیمەنی لە ئاشتی نەهاتووی چینی کریکار و جەماوەری بیبەش لەگەڵ بۆرژوازی و رەوتە سیاسیەکانیان، لەهەڵبژاردنەکاندا بە رۆشنترین شیوە خۆی نمایش کردەوە... بەمەش یەکەمین هەنگاو و هەوڵی بۆرژوازی بۆ پاشەکشەپیکردن بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، بەشوێنێک نەگەیشت و شکستی خوارد.

لە ئیستادا، دوای ئەو ململانێیە لەسەر ئاستی شەقام و گەمەی فەرمی هەڵبژاردنەکان، خانەوادەی بۆژوازی عێراقی بە عەرەب و کوردەوە بەشیعەو سونەوە، خەریکی سیناریۆی دووەمن و لەوەش زیاتر رووبەڕوون لەگەڵ دەورەیەکی نوێ لە بزوتنەوەو تورەیی جەماوەری کە لەدرێژەی بزوتنەوەی ڕامالینی دەسەڵاتدا لە سەراسەری عێراقدا لەگەڵی دەرگیر بوون. سیناریۆی دووەم

بۆ لاپەڕە 2


گۆشەی پرسی رۆژ...؟...ل5

پرسی ژن



ل 7

گۆشەی ئەدەب و هونەر

ل8-9

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی وتەی ژمارە

بریتیە لەوەی لەڕێگای پیکهێنانی حکومەتەوە هەم قەرەبووی شکستی هەڵبژاردنەکان و هەمیش پێداگری لەسەر پاشەکشەکردن بە بزوتنەوەی رامالینی دەسەلات بکەن. دەیانەوێت ئارایشێک بە حکومەت و دەسەڵاتی داهاتووی عێراق بدەن، کەلانی کەم بتوانێت بەشێکی زۆر ناچیز لە ویست و داخوازییەکانی جەماوەر لەو حکومەت و دەسەڵاتەدا تیکهەڵکێش بکەن و بە کۆمەلگەی رابگەیەنن، کەدەورەی تازە و دەسەلات و حکومەتی تازە، هاوئاهەنگ لەگەڵ خواستی جەماوەری بیبەشی عێراقە. لەو نێوەدا بۆرژوازی کوردیش بە پێداگری و خۆبەستنەوەیان بە پرسی سیاسی کورد لەلایەک و گیڕانەوەی دۆخی خراپی ئابوری و وێرانبوونی خزمەتگوازرییەکان و هەژاری و بێکاری و گرانی بۆ دەسەلاتی ناوەندی عێراق، دەیانەوێت شانی خۆیان لەهەلومەرجی نەخوازراوی کوردستان خاڵی بکەنەوەو بەرپرسیاریەتی ئەو دۆخەی هەیە بخەنە گەردنی دەسەڵاتی ناوەندی.

هەموو ئەو راستیانەش، راستیەکی بناغەیی پشتراست دەکاتەوە، کە ململانێی نێوان بزوتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتی و چینایەتییە بۆرژوازییەکان لەناو خۆیان و ریزەکانیاندا، لەسەر ئاستی عیراق و کوردستاندا، زۆر لاوەکی ترە لە ململانێی چینایەتی نێوان چینی کریکار و جەماوەی بیبەش لەلایەک و سەرجەم خانەوادەی بۆرژوازی لەلایەکی ترەوە.

چینی کریکارو جەماوەری بیبەشی عێراق، هیچ رایەڵیک بە دەسەڵاتی بۆرژوازی و رەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیانەوە نایان بەستێتەوە. ئەو هیزە بۆرژوازیانە بە بەهرەبەرداری کردن لە قەومچیتی و دین و مەزهەب، توانایی فریوکاریان لەدەستداوە. کارنامەی بەکردەوەیان لەدەسەڵاتدا، هەموو ئەو وەهمانەی رەواندەوەو پایە لەسەر درۆ بنیاتنراوەکانی بەسەریەکدا رماون. شیعەی سیاسی خاوەن دەسەڵات!! کۆمەڵگەی شیعی مەزهەبیان رووبەرووی گەورەترین سەختی و کویرەوەری و سەدان موسیبەت کردەوە، سونە مەزهەبەکان و بەشداریان لەدەسەڵاتدا، دۆزەخی جەهەنەم ئاسایان لە سەرزەوی بۆ جەماوەری سونە مەزهەب داخست و گرانی و بیکاری و نەبوونی دەستی ناوەتە بینەقاقایان. دەسەڵاتی کوردەکان... چ پارتی و یەکێتی و چ هاوکارەکانیان، جەماوەری کوردستانیان لەگەڵ دۆخێک بەرەو ڕووکردۆتەوە کە هەموو رۆژیک تارمایی دەسەڵاتی بەعس و رەفتاری بەعس ئاسا، لەهەموو لایەنێکی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی دا هەست پێدەکەن.

پرسی کشانەوەی هیزە سەربازی و مەیدانیەکانی ئەمریکاش، لەگەڵ ئەوەدا سەرجەم هیزە سیاسیە بۆرژوازییەکان رووبەڕووی دۆخێکی تازە دەکاتەوە و دەشێ رۆڵی بەشیک لە بزوتنەوەو لایەنە سیاسیانەکان بەرەو داکوژان ببات، هاوکات دەروازە بۆ دەستێوردانی ناوچەیی و پێ لێراکیشانی خاوەن هیزە چەکدار و میلیشیایەکان لە سەرتاسەری عیراقدا، زیاد دەکات. بەجیا لەوانەش مەترسی دووبارەبوونەوەی کارەساتی کابول لە زۆر شوێنی عێراقدا، ئەگەرێکەو مۆتەکەیە بۆ ئایندەی سیاسی عێراق. دیارە نەبوونی هیزی داگیرکەر چوونە دەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا، خواستی بەشی هەرەزۆری خەڵکی عێراق و دەسەڵاتی سیاسی ناوەند و مایەی نیگەرانی دەسەڵاتەکانی دژ بە ناوەندە وەکو دەسەلاتی حزبە بۆرژوازیەکانی کورد. چوونە دەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا لە ئاکامی ناکامی سیاسەت و ئامانجەکانی، لەگەڵ دەرکردنی لەڕیگای بزوتنەوەی لەخوارەوەی جەماوەرییەوە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتری هەیە... جوڵانەوەی لەخوارەوەی جەماوەری ئەگەر دەسەڵاتی داگیرکاری و هیزە داگیرکەرەکان رابماڵێت، دەبێتە مایەی ئیرادە بەخشین و بەهیزبوونی بزوتنەوەکەی و ڕۆڵگێرانی لە چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگەدا، وەکو ئەوەی لە ڤێتنام و کامبۆج و نیکاراگوا روویدا... بەڵام ئەگەر بەهۆی شکست و ناکامی سیاسی یان لەبەرامبەر بەهیز و بلۆکی ناوچەیی و هیزە نیابەتیەکانیاندا، ناچار بێت بڕوات، هێز دەبەخشێتە ئەو هیزو بلۆک و هێزە نیابەتیانەی رۆڵیان لە بەشکسکێشانیدا هەبووە. ئەمەش کاریگەری زۆر بەرجەستەو راستەخۆی لەسەر پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق هەیەو هاوکاتیش باڵانسی هیزی نیوان بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەگۆڕیت. بەدیاریکراویش هاوسەنگی هیز لەنیوان بزوتنەوەی ناسیونال ئیسلامی عیراق و بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، بە سودی هێزە قەومی و دینیەکانی عیراق دەگۆڕێت.

پرسی هەموارکردنەوەی دەستور، پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی دەستور، باسی هەڵوەشاندنەوەی هیزە میلیشیاییەکان.. لەهەلومەرجی ئیستادا، مۆری ئیستاییان پێوەیەو لەچوارچیوەی کەشی رابردودا ناتوانرێت تەماشابکرێن.

دیارە هەرکام لە پێشهاتانەی بەڕیوەن، بەجیا لەوەی مۆری گۆرانی هەلومەرجی سیاسی عێراق و ناوچەکەیان پێوەیە... بەڵام هاوکات ئاڵوگۆڕەکانیش چ لە عێراق و کوردستاندا، دەبێ لەچواچیوەی هەلومەرجی ئیستای دنیا و ناوچەکەو ململانێی بلۆک بەندیی و ئارایش و هاوپەیمانیەتدا تازەکاندا، تەماشا بکرێن.

کە کاریگەریان نەک تەنها لەسەر هیزە سیاسیەکان، بەڵکو هاوکات لەسەر سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان هەیەو دەیانخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، لەو چوارچیوەیەشدا بزوتنەوەی کریکاریی و نارەزایەتی جەماوەری راستەخۆ دەکەونە ژێر ئەو کاریگەریە و لێکەوتەکانی... چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا، لەگەڵ ئەوەدا بوار دەکاتەوە بۆ رۆڵگێرانی هێزو بلۆکە ناوچەیەکان و هیزەکانی وابەستەیان، بەڵام بەشیوەی گشتی کۆسپێک لەبەردەم خەباتی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشدا لادەبات و دەروازە واڵاتر بۆ خەباتی چینی کریکار و جەماوەری بیبەش دەکاتەوە.

بۆرژوازی لە عێراق و کوردستاندا، بەجیا لەوەی دەشیت بەهۆی پاشەکشەی هیزەکانی ئەمریکاوە توشی سەرەگێژە و بێ ئاسۆیی ببن، بەڵام ئەوەی کە بۆیان گرنگە بەرگرتنە بە گەشەی بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتی و سەرەکیەکانی بۆرژوازی. لەبەرامبەردا هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، دەروازە بۆ گێرانی رۆڵی نوێیان دەکرێتەوە... رابەران و هەلسوراوانی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی و کریکاریی... لەسەر زەمینەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و ئەو توانایەی لە ساڵی ٢٠١٩دا لە ئاستی عێراق و لە شەقامەکانی کوردستاندا نیشانیاندا، بەناوتن لە هەڵبژاردنەکاندا دوپاتی "نا" بەدەسەڵات و هیزەبۆرژوازیەکانیان وتەوە... ئەگەر نوێنەرایەتی بکرێت و ئامادەییەکانی بباتەسەرەوە و بەسەر لاوازیەکانی خۆیدا لەپیش هەموویانەوە گرفتی رابەری سەراسەری بۆ بزوتنەوەی کریکاریی و کۆمۆنیستدا زاڵ بێت و وەڵام بە بۆشایی کاری ریکخراوەیی بداتەوە، شانسی ئەوەی هەیە، ئایندەیەکی تر بخاتە بەردەم کۆمەڵگەو دەسەڵاتی بۆرژوازی رابمالێت و کۆمەڵگەیەکی تر بنیات بنێت کە خاڵی بێت لە نابەرابەری و بیمافی و هەلاواردن و چەوساندنەوە.

## لە بۆپێشەوەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

**ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.**

*** هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...**

*** بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و رێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...**

**ململانێی نێوان بزوتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتی و چینایەتیبە بۆرژوازییەکان لەناو خۆیان و ریزەکانیاندا، لەسەر ئاستی عیراق و کوردستاندا، زۆر لاوەکی ترە لە ململانێی چینایەتی نێوان چینی کریکار و جەماوەی بیبەش لەلایەك و سەرجەم خانەوادەی بۆرژوازی لەلایەکی ترەوە...**

بۆپێشەوە FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی...نارەزایەتی مامۆستایانی وانەبێژ بەردەوامە، بۆ سەرکەوتن پێویستی بە ڕێکخراوبوون و پشتگیری هەیە!

بەفەرمی بناسن و لە وانەبیژەوە بکرێنە مامۆستا. هاوکاتیش لە وانەبیژی کاتی و خۆبەخشەوە بکرێنە مامۆستای بەردەوام، تا بتوانین چارەنووسی ژیان و گوزەران و ئاییندەی خۆیان دیاری بکەن.

ئەم ژمارە زۆرەی وانەبیژان، کاریکی گەورەو ئینسانی دەکەن، سەرچاوەی پێگەیاندنی سەدان هەزار منالێ تازە چرۆکردوون، کە ناردراونەتە قوتابخانەکان بەمەبەستی خویندن و فیربوون. هەر بۆیە پیویستە ئەو ریزە بەرینەی مامۆستایانی وانەبێژ، بە چاویکی بەرپرسانەوە لێیان بڕوانریت و مامەڵەبکرێن. چونکە چارەنووسی دەیان هەزار خویندکاریان لە ئەستۆدایە. مامۆستایانی وانەبیژ نابێت وەکو هیزی ئیحتیات تەماشابکرێن، هاوکات نابێت هەمیشە لە دڵەراوکێی و دەرکردن و ئەگەر و مەگەری دامەزراندندا رابگیرێن... خودی ئەو حاڵەتە کاریگەری لەسەر کوالیتی خویندن و پەروەردە دەبێت. مامۆستایان بەگشتی و مامۆستایانی وانەبێژ بەتایبەتی، پیویستە لەکەشیکی گونجاو شیاو و ریزلیگیراو ئارام و بەزامنکردنی موچەی تەواو و پیداویستەکانیان کارەکەیان ئەنجام بدەن.

دەسەڵاتی تالانچی بزوتنەوەی کوردایەتی کە باکی بە خوێندن و پەروەردە نییە، باکی بەهەلومەرجی ژیانی هەلواسراوی مامۆستایانی وانەبیژ و دڵەرواکێیانەوە نییە، باکی بە بەلەبەرچاوگرتنی ژیان و گوزەرانی هەزاران خیزانی مامۆستای وانەبیژەوە نییە، ئامادەیە دەیان هەزار لە کەسانی بیکارە حزبی تێر موچە و ئیمتیازات بکات، لەپێناو بەکارهێنانیان بۆ بەرگری لەدەسەڵاتی حزبیان، بەلام ئامادەنییە زیاتر لە بیست هەزار مامۆستای وانەبێژ کە رەنج دەدەن و بەرهەمی کارەکەیان دەدرەوشیتەوە، کارەکەیان بۆ بەفەرمی بناسێت و وەکو مامۆستاو هاوکاتیش رەسمیەت بە دامەزراندنیان بدات.

مامۆستایانی وانەبێژ بۆ ئەوەی بتوانن مافەکانی خۆیان چ بۆ رەسمیەت وەرگرتن بە پیشەکەیان و چ بە دامەزراندنیان، بەدەستبهینن، پیویستان بەبەردەوامی دان بە نارەزایەتیەکانیانە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو نارەزایەتییە رەوایەیان بەسەرکەوتن بگات و دەسەڵات ناچار بە داننان بەمافەکانیان بکات، پیویستان بە ریکخرابوونی خۆیانە لە رێکخراوەی سەربەخۆی مامۆستایاندا، ریکخراویک کە خەمی مامۆستایان و خویندن و پەروەردە، خەمی سەرەکی بێت، وە ریکخراوەیەک بێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی مامۆستایان و بەرگری کردن لەداخوازیەکانیان بێگویدانە ناسنامەی حزبی و بیروباوەر و ئایدۆلۆژیا... لەوانەش واوتر بزوتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایانی وانەبیژ بۆ بەسەرکەوتن گەیشتنی نارەزایەتیەکانیان و مافەکانیان، پیویستیان بە هاوکاری و پشتگیری مامۆستایان، کەسوکاری خویندکاران و کۆمەڵگە بەگشتی هەیە... دەسەڵات بەخۆشی خۆی ئامادەنییە هەواش ببەخشێت بە هاوڵاتیان و کارمەند و موچەخۆرەکان... چ جا موچەو بەرەسمیەت ناسینی داواکانیان. بۆیە دەبێ بەخەبات و تیکۆشان و کاری بەردەوام و ریکخراو نەخشەمەندانە دەسەڵات چۆکی پیدابنرێت و وەڵام بەخواستی مامۆستایانی وانەبیژ بداتەوە.

## درێژەی...پێویستە هەموو گیراوەکانی بادینان ئازاد بکرێن!

دەرهێنانی تۆمەتی پاکەتی لە جوعبەی دەسەڵاتی رەشی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانیدا، لەتاوانیش واوەترەو سوککردنی دادگا، یاسا، و هەموو پیودانگیکی ئینسانییە. وە خستنەرووی ئەلگۆ دەسەلاتی دیکتاتۆرە چنگ بەخوێنەکانە، کە جەماوەر جگە لەراماڵینیان هیچ ڕێگایەکی تر لەبەردەستدا نییە بۆ رووبەڕووبوونەوە کۆتاییان.

ئازادکردنی ژمارەیەکی کەم لە زیندانیەکان دوای گوشارێکی فراوان و هەمەلایەنەی ناوخۆی دەرەکی، فەرمی و جەماوەری... سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ بەرەی ئازادیخوازو بەرگری کاران لە ئازادی و ئازادییە سیاسیەکان، بەڵام لەوە گرنگتر بەردوامیدانە بە گوشار و نارەزایەتیەکان بۆ ئازادکردنی سەرجەم زیندانیەکانی تر کە تائیستا لە گرتوخانەکاندا راگیراون.

نابێ ئازادبوونی چەند زیندانیەک، ببێتە هەنگاو خاوبوونەوە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و بلۆکی ئازادیخوازی بۆ ئازادی سەرجەم زیندانیەکانی تر... پارتی دەیەوێت بە ئازادکردنی ئەم ژمارە کەمە لە زیندانیانی سیاسی، هەم تورەیی بەرەی ئازادیخواز و رای گشتی لەسەر خۆی کەم بکاتەوە و هەم ئەوە بە دەرفەت وەربگرێت بۆ هیشتنەوەی باقی زیندانی کراوەکانی تر لە گرتوخانەکاندا، تا لەو ڕێگایەوە و بە نیشاندانی جوخەکانی زیندان ئازادیخوازن و رابەرانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بترسێنێت.

حزب و لایەنە سیاسیە بۆرژوازییەکانی تر، بە بێدەنگیان لەبەرامبەر بە هێشتنەوەی زیندانیانی تر لە گرتووخانەکاندا، هەمان پەیام و کارکرد دوبارە دەکەنەوە کە بێدەنگی هەڵبژاردنیان لەبەرامبەر بە هیرش بۆ سەر ئازادییەکان و چالاکوانان کردوە بەپیشە. ئەم حزب و لایەنە سیاسیانە دەیانەوێت بە بیدەنگەکردنیان، دڵی دەسەڵات رابگرن و لەبەرامبەردا جێپێ پۆستە نمایشەکانیان، لەق نەبێت، موچە و ئیمتیازاتەکانیان، گەرد نەگرن... ئەم مامەمەڵەیەی حزب و لایەنانە، ئەوان دەخاتە خانەی هەمان دەسەڵاتی سەرکوتگەر و دژە ئازادییەوە. جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان چۆن لە تیکۆشانیاندا بۆ راماڵینی دەسەڵات کارنامەی دەسەڵاتیان لەبەردەستە، ئاواش کارنامەو رۆڵی گوێرایەلی ئەو لایەنانە بۆ دەسەڵات و دژ بە ئازادییەکان دەبینن...

بەرەی ئازادیخواز و ئینسان دۆستی کورردستان و دنیای دەرەوە پیویستە لەدریژەی گوشارەکانی پیشویاندا، بۆ ئازادی سەرجەم زیندانیەکانی بادینان، بەردەوام بن و ناوەند و ئورگانە نیونەتەوەیەکان لە هیشتنەوەی دەیان زیندانی تر لە چالاکوانانی بادینان، ئاگادار بکەنەوە.

## درێژەی...ژمارەیەک لە هەڵسوڕاوان و چالاکوانی کرێکاریی و جەماوەری ڕاگەیاندنێک بەدژی هەڕەشەو ترساندنیان لەلایەن جمهوری ئیسلامیەوە، بڵاودەکەنەوە...

کرێکاردا سەپاندویەتی، بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی لە هەڵدێری هەژاری ڕەهادا راگرتوە و هیچ ئاسۆیەک و پلانێک بۆ باشتر بوونی لە ئارادا نیە. خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگەی ئێران لە حاڵێکدا بەرەو پێش دەچێ کە رێکوردی هەڵاوسانی ئابووری شکاندوە و هیچ ئاسۆیەک بۆ باشتر بوونی بارودۆخەکە لە لایەن چینی باڵا دەستەوە بوونی نییە و سەرەرای ئەوەش سەرکوتی چالاکانی مەدەنی و ئازادیخواز پەرەی سەندوە. سەرەرای ئەوانە چینی کرێکار لەوەها بارودۆخێکی ناخۆشی هەژاری و خەفەقاندا بە پشتبەستن بەخۆی و هاوچینەکانی نارەزایەتی و مانگرتن گەلێکی بەرینی بۆ باشتربوونی بارودۆخەکە ڕێکخستوە. دروشم و سیاسەتە چەوسێنەرەکانی چینی باڵادەست لەوانە پشتیوانی لە بەرهەمهێنەران و تایبەتیکردنی کەرتی بەرهەم هێنان ژیان و گوزەرانی چینی کرێکاری کردوە ئامانج تا لەرێگای چەوساندەوە هەرچی زۆرتری چینی کرێکار خۆی لە قەیرانەکان دەرباز بکات. هاوپەیمانانی چینی کرێکار بۆ دامەزراوە ئەمنیەتیەکان وەک کۆسپ و تەگەرەیەکن کە لەبەرامبەر دەستدرێژی بۆ سەر ئەو چینە رادەوەستن و بەو هۆکارەش دەبێ لەسەر رێگای چەوسێنەران لابچن. لەو نێوە دا سەرەرای دەست بەسەرکردنی چالاکانی چەپ و کرێکاری، شێوازێکی تر بۆ سەرکوتی ئازادیخوازان لەبەرچاو گیراوە کە هەڵبەت سیاسەتێکی تازە نییە. شکستی پیلانی هێزە ئەمنیەتیەکان لە دۆسیەکانی هاوشێوەی هەفت تپە، کە زۆر زوو بە کەمپەینێک بوو بە هۆکاری رێکخستنی بەرەی چینی کرێکار و پشتیوانانی، بۆتە هۆکاری بەکاربردنی شێوازی نوێی بۆ پێشگرتن بەو شەپۆلە، کە بێگومان جارێکی دیکە بە بەرەنگاری و یەکگرتوویی چینی کرێکار و چالاکان شکست دێنێ. رێکاری بەرگری لەخۆ و کاری کەمپەینی لە نێوان ئەم چالاکانە جێکەوتوە و بە هیچ هەرەشەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ سڵ ناکا. ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەزبەر مەئمورانی وەزارەتی گشتی ئیتلاعات لە ماوەیەکی کەم پەیوەندیان لەگەڵ چەند کەس لە چالاکان و پشتیوانانی چینی کرێکار لەوانە: رهام یگانە، کامیار فکور، سروناز احمدی، عاطفە رنگریز، عسل محمدی و هیراد میربداقی کردوە و بە شێوازێکی هەرەشەئامێز خوازیاری بەشداری لەبەناو کۆبونەوەیەکی دۆستانە بۆ روون بوونەوەی هێندێک ناروونی و هێڵە سوورەکان بوون. شایانی باسە کە ئەم پەیوەندیە تەلفونیانە چەند کاتژمێر دوای بەرێوەچوونی دادگای کامیار فکور کراون و هەروەها هەرەشەی گرتنیان لە رهام یگانە کردوە. ئەو روداوە بۆ امیر عباس اذرم وند، تەنیا چوار ڕۆژ دوای ئازادبونی لەلایەن ئیتلاعاتی سپا ڕویداوە. هەروەها ژمارەیەک لە چالاکانی چەپ، بنەماڵەی گیانبەختکردوانی خەزەلوەڕ، ناڕازیان بهبهان و باقی چالاکانی مەدەنییش هەر بەو شێوازە واتە لە ڕێگای پەیوندی تلفونیەوە بۆ کۆبونەوە بانگهێشت کراون. مەئمورانی رێکخراوە ئیتلاعاتیەکان بە پەیوەندی تلفونی و دواتر بانگهێشتی چالاکان بۆ کۆبونەوەی بەناو ئاشتیخوازانە، هەولدەدەن فەزایەکی ترس و تۆقاندن بێننە ئاراوە. مەئمورانی ئەمنیەتی هیچ مەیلێکیان بۆ تێپەڕکردنی ڕەواڵی یاسایی بانگهێشتی بە نوسراوەی تاکەکان نییە، بەو پاساوە کەندۆسیەکان قەزایی نەبێتەوە و نەچێتە دادگا و بەردەستی حاکمەوە. بەو هۆکارانە پێداگری دەکەنەوە کە بە ڕواڵەت بانگهێشتی تلفونی لە سەر بنەمای بریاراتی ئیجرایی یاسایی و لە ڕاستای بەرگری لە ئەمنیەتی شارۆمەندانە. گوایە بە گۆڕینی ناوی لێکۆلینەوە بۆ گفتوگۆی دۆستانە، یاخود هەلسوکەوتی ئەمنیەتی بۆ بەرگری لە ئەمنیەتی شارۆمەندان، تاکەکان فریو دەخۆن و مەئمورانی ئەمنیتی وەزارەتی ئیتلاعات لە عەمەلیاتی سەرکوتی پێشگیرانە سەر بڵند دێنە دەر. ئەم سیاسەتە کۆنە بە ئاشکرا مەحکوم بە شکستە، چونکە ئەگەر بریار بوو بە بانگهێشت و هەرەشەی چەند چالاکی ئازادیخواز نارەزایەتی کرێکارانی یەکگرتوو و بندەستان لەبار بچێ تا بە هەنووکە شایەتی ئەم ڕادەیە لەچوونەسەری وشیاریی کرێکاران و هاوپشتی و یەکگرتویی بەربلاوتری ئەوان بە نیسبەت ڕابردوو نەدەبوین. ئێمە وەک واژۆکەرانی ئەم ڕاگەیاندراوە لەبەرامبەر سیاسەتی ترس و تۆقاندن، دەست بەسەرکردن و هەرەشە لە لایەن وەزارەتی ئیتلاعات سڵ ناکەین و لە هیچ کام لە کۆبونەوەکان لە شوێنی دیاریکراو و دیارینەکراو بەشداری ناکەین واژۆکەران:

**رهام یگانە، کامیار فکور، سروناز احمدی، عسل محمدی**

**هیراد پیربداقی، عاطفە رنگریز، امیرعباس، اذرم وند.**

**وەرگێڕان: ئەنوەر عەزیزیان**

# دامەزراندنی یەکەمین حکومەتی شورایی لە جیهاندا



**ئامادەکردنی: مستەفا باهیر**



کرێکاران لە دوای کۆمۆنەی پاریس بۆ یەکەمین جار ١٠٤ ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕۆژی ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بە ڕۆژ ژمێری کۆنی ڕوسی، لە ڕێگای شوراکان و حزبی بەلشەفی بەڕابەرایەتی لینین توانیان لە ڕوسیا دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. لەدوای ئەوەی کە جەنەڕاڵ کۆرنیلۆڤ لە کۆتایی مانگی ئابی ١٩١٧شکستی خوارد لە کودەتاکەی، حکومەتی کاتی بەڕابەرایەتی کرنسکی نەیدەتوانی جوابی داخوازییەکانی گەل بداتەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەلشەفیەکان بەرەو بەهێزبوون دەڕۆشتن و لە شوراکاندا دەبوون بە زۆرینە و دروشمی (ئاشتی، نان، زەوی) و هەموو دەسەڵاتێک بۆ شوراکان بوو بە دروشمی زۆربەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ڕوسیا. لینین داوای لە هاوڕێکانی کرد کە ئێتر کاتی ئێمەیە، بۆ ئەوەی دەسەڵات بەدەستەوە بگرین و بتوانین جوابی داخوازیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و جوتیارانی ڕوسیا بدەینەوە.

لینین نامەی نوسی بۆ کۆمیتە ناوەندی، هەرچەندە چەندین جار نامەکانی لینین پشتگوێ دەخرا، بەڵام دوای ئەوەی لینین هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە کۆمیتەی ناوەندی ڕاگەیاند. ناچار کۆمیتەی ناوەندی لە ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ماڵی سۆخانۆڤ کۆبونەوەی کۆمیتە ناوەندی ڕێکخرا. لەوکۆبونەوەدا ١٢ کەس ئامادەبون دوای گفتوگۆ کردن بۆ ماوەی ١٠ کاتژمێر، پێشنیارەکەی لینین خرایە دەنگدانەوە کە بریتی بوو لە "وەلانانی دەسەلاتی کرنسکی و دامەزراندی حکومەتێکی شورای، لەشوێنیدا " لەو ژمارەیە ١٠ کەس ڕەزامەند بوون بەو پێشنیارەو دوو کەسیش کە هەریەک لە زینۆڤیڤ و کامینیڤ ناڕازی بوون. لینین ڕۆژی ٢٤ی ئۆکتۆبەر خۆی گەیاندە سمۆڵنی بارەگای بەلشەفیەکان، چونکە تا ئەوکاتە لینین خۆی حەشاردابوو لەبەرئەوەی حکومەتی کاتی هەوڵی زۆریان دەدا تاوەکو دەستگیری بکەن.

بەلشەفیەکان توانیان لە شەوی ٢٤ لەسەر ٢٥ حکومەتی کاتی بەڕابەرایەتی کرنسکی بروخێنن و لە شوێنیدا حکومەتێکی کاتی دروستبکەن. ترۆتسکی لەبیرەوەریەکانی خۆی کە لەساڵی ١٩٢٤ نوسیوەیەتی دەڵێت "

**ئەو ڕۆژە من و لینین (واتە ڕۆژی ٢٥ی ئۆکتۆبەر) لەژورێکدا بوین لە سمۆڵنی کە ئەو ژورە خاڵی بوو لە هەموو پێداویستیەکی ناو ماڵ، تا خوشکی لینین کەمێک پێخەفی بۆ هانین و لەسەری دانیشتین. ڕۆژی دوهەم کە لینینم بینی قسەمان لەسەر سەرکەوتنی شۆرش کرد و باسی دامەزراندی حکومەتمان کرد. لینین وتی حکومەتەکەمان ناوبنێین چی، چونکە من زۆر لە ناوی وەزیری بێزارم. من کۆمەڵێک پێشنیارم بۆکرد پاشان لەسەر یەکێک لە پێشنیارەکانی من وەستاو بە کەمێک دەستکاریەوە وتی چۆنە حکومەتەکەمان ناوبنێین" ئەنجومەنی کۆمیسێری گەل" هەردوولا لەسەر ئەو ناوە ڕێکەوتین، لەباتی ناوی وەزیر لەسەر ناوی کۆمیسێر، لەباتی حکومەتیش لەسەر ناوی ئەنجومەن ڕێکەوتین".**

**لە ڕۆژی ٢٥ی ئۆکتۆبەر لە سمۆڵنی کۆنگرەی سەرتاسەری شوراکانی هەموو ڕوسیا دەبەسترا.** لەدوای ئەوەی لە لایەن کۆنگرەوە کۆمەڵێک بڕیارنامە پەسەند کرا. کۆنگرە بەردەوامی دا بە دانیشتنەکانی خۆی، لە کاتژمێر (٢،٣٠) دوو سی خولەکی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٧ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، کامینیڤ بڕیاری ڕاگەیاندنی حکومەتی خوێندەوە، کە تا کاتی هەڵبژاردنی پەڕلەمان، ئەم حکومەتە بتوانێت کاروباری دەوڵەت بەڕێوە بەرێت. شورای کرێکاران و سەربازان وجوتیاران ڕەزامەند بوون لەسەر ئەوەی کە حکومەتەکەیان ناو بنێن "**ئەنجومەی کۆمیسێری گەل**" . ئەم ئەنجومەنە دەبێت بڕیارەکانی کۆنگرە، بەهاوکاری نوینەرانی کرێکاران و جوتیاران جێبەجێ بکات پاشان بڕیارەکە بەم شێوەیە داڕێژرا.

کۆنگرەی سەرانسەری نوێنەرانی کرێکاران و جوتیاران و سەربازان ڕای دەگەیەنن کە تا پەڕلەمان پێکدێت، دەوڵەتێکی کاتی کرێکاران و جوتیاران بەناوی "**ئەنجومەنی کۆمیسێرەکانی گەل**" پێکدێت بۆ بەرێوەبردنی وڵات. بەڵام ئەم حکومەتە لەژێر چاودێری شوراکان و لیژنەی تەنفیزیەکەی دەبێت.

یەکەمین حکومەت لە ١٥ کۆمیسێر پێک هات، لەمانە حەوت ٧ کەسیان ئەندامی کۆمیتە ناوەندی بەلشەفی بوون. ئەم پاڵێوراوانە ١١ کەسیان کەسانی ڕۆشنبیر بوون ٤ کەسیشیان کرێکاربوون. دوای مشتومڕێکی کەم لە قسەوباس لەسەر ئەم بابەتە، لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە، کامینیڤ ناوی تەواوی ئەندامانی کۆمیسێری ئەنجومەنی گەلی خوێندەوە کە بەم شێوەیە بوو.

سەرۆکی کۆمیسێری گەل. فلادیمێر ئیلیچ ئۆلیانۆف لینین.

کۆمیسێر بۆ کاروباری دەرەوە (الخارجیة) لیۆن ترۆتسکی.

کۆمیسێر بۆ کاروباری ناوخۆ ڕیکۆڤ

کۆمیسێر بۆ کاروباری کشتوکاڵ میلییۆتین.

کۆمیسێر بۆ کاروباری ئیش (العمل) شلیابانیکۆڤ

کۆمیسێر بۆ کاروباری بازرگانی وپیشەسازی نوغین

کۆمیسێر بۆ کاروباری پەروەردە لۆناتشارسکی.

کۆمیسێر بۆ کاروباری داد (العدل) لەمۆڤ.

کۆمیسێر بۆ کاروباری ئابوری (المالیة) ستیبانۆڤ

کۆمیسێر بۆ کاروباری (التموین) تیودوروفیتش

کۆمیسێر بۆ کاروباری پۆستەو گەیاندن (البرید والبرق) ئەبیلۆڤ(غلیبۆڤ)

کۆمیسێر بۆ کاورباری میلەتان (القومیات) جوغافشلی (ستالین).

کۆمیسێر بۆ کاروباری سوپا، لە لیژنەیەکی سێ کەسی پێکهات کە هەریەک لە "ئەنتۆنۆڤ، کریلنکۆ، دیبنکۆ" بوون پاشان کە شەڕی ناوخۆ دروست دەبیت ترۆتسکی و ستالین دەورێیکی بەرچاویان دەبیت لەو لیژنەیەدا. پاشان زیاتر ترۆتسکی زۆربەی کارەکانی سوپا بەڕێوە دەبات بەتایبەتی لەگەڵ سوپای سووردا.

کۆمیسێر بۆ کاروباری هێڵی ئاسنین لەوکاتەدا دیاری نەکرا دواخرا بۆ دواتر، تا کەسێکی گونجاوی بۆ دەدۆزنەوە.. شوراکان پێشوازیەکی گەرمیان کرد لەم حکومەتە تازەیە. لە کاتی خویندەوەی هەرناوێک لە لایەن کامینیڤەوە. نوێنەرانی کۆنگرە بە چەپڵەڕێزان پێشوازیان لێدەکرد بەتایبەتی لە کاتی خویندەوەی ناوی لینین و ترۆتسکی. ئەم حکومەتە بە یەکەمین حکومەتی کرێکاریی دەناسرێت لە جیهاندا کە سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت. بەم شێوەیە شوراکان (سۆڤێتات) توانی یەکەمین حکومەتی خۆی دامەزرێنیت. پاشان کۆنگرە ١٠١ کەسی هەڵبژارد بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شوراکان وەک لیژنەی تەنفیزی، بۆ جێبەجێکردنی کاروبارەکانی شورای سەرتاسەری هەمو ڕوسیا و چاودێری کردنی ئەوحکومەتە تازەیەی کە هەڵبژێردراوە لە لایەن کۆنگرەوە.

**٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠٢١**

**یەکەمین دەرسێك کە لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەر نیشانی بزوتنەوە کریکاری و کۆمۆنیستی وچەپ و دنیایاندا ئەوە بوو کە مارکسیزمی لە مەیدانی پراکتیکدا بە کردەوە دەرهێنا، و نیشانیدا کۆمۆنیزم و بنیاتنانی کۆمەلگەی سوشیالستی و کۆمۆنیستی خولیاو خەیاڵێك نییە و کارێکی عەمەلییە...**

## پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە هاوڕێ ئاراس ڕەشید/ هاوکاری سەرنووسەر ئامادەی دەکات... لەهەر ژمارەیەکدا کەسایەتیەڵ لە بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بە خستنە ڕووی پرسیارێك بەسەر دەکاتەوە...

پرسی ڕۆژ



## لەم ژمارەیەدا ڕەگەز کەمال چالاکوانی سیاسی و ئەندامی گروپی ١٧ی شوبات وەڵام بەپرسی ڕۆژ دەداتەوە

پرسی ڕۆژ: یەکێک لەپرسە هەرە گەرمەکانی ئەم یەک ساڵەی ڕابردوو دادگاییکردنی هەڵسوڕاوان و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆژنامەنووسانی هەولێر و بادینان بوو. ئازادکردنی ژمارەیەکیان لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا هەڵگری چ پەیامێکە لەلایەن حکومەتی هەرێم؟ ئایا بڕیاری ئازادکردنیان؛ لە ژێر فشاری بەردەوامی ساڵی ڕابردووی هەڵسوڕاوانی ئازادیخوازانی کوردستان، و ڕێکخراوە ئازادیخوازە نێودەوڵەتی و هەندێک لە وڵاتانی دەرەوە بوو؟ یان شتێکی دیکە بوو؟

ڕەگەز کەمال: ڕەشبگیری و زیندانیکردنی چالاکوان و ڕۆژنامەوان و ڕەخنەگرانی بادینان درێژکراوەی هەمان ئەو مامەڵە و ئەقڵیەتەیە کە لەچەند دەیەی ڕابردوو، دوو هێزی حکومڕان لە هەرێمی کوردستان پەیڕەوی دەکەن؛ بریتیە لە ڕەدکردنەوەی هەموو ئەوانەی لە دەرەوەی دنیا بینینی خۆیان بیردەکەنەوە.


بێگومان ئەو ڕەشبگیریەی ساڵی ڕابردوو، لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی پارتی لە دەڤەری بادینان دەستیپێکرد، ئامانج تاکەکەسێک نەبوو، بەڵکو هێرشکردن بوو بۆسەر ئازادی ڕادەربڕین و کپکردنی دەنگ و ڕەنگی جیاواز کە پارتی ترسی هەبوو پێگەی لەو دەڤەرە لاوازتر ببێت.

ئەگەرچی لەناوخۆی وڵاتدا هەڵوێستێکی نارەزایەتی بەرفراوان نەبوو بۆ ئازادکردنی گیراوان! ئەوەی هەیە تەنها خۆی لە هاوخەمی و هاوسۆزیدا دەبینێتەوە، تەنانەت پارت و لایەنە سیاسیەکان هیچ هەڵوێستێکی جدییان نەبوو. بەڵام، کاردانەوەیەکی بەرفراوانی جیهانی و وڵاتانی ڕۆژئاوای لێکەوتەوە، بەدیاریکراویش دوای سەپاندنی سزای ٦ ساڵ زیندانی بەسەر ژمارەیەک لە چالاکوان و ڕۆژنامەوانە دیارەکانی ئەو دەڤەرە کە بەشێکی زۆری لەڕێگەی ئێمەوە ڕێکخراوە جیهانیەکان هاتنەدەنگ، و دەیان ڕاپۆرتیان بڵاوکردەوە و چوار لیستی ناو پارلەمانی یەکێتی ئەوروپا لەو پێشێلکارییە ئاگادارکرانەوە و بەردەوام لەدیدارکانماندا لەگەڵ پارلەمانتارانی ئەوروپا داواماندەکرد کە فشارەکانیان زیاتربکەن بۆسەر حکومەتی هەرێم و بەدیاریکراویش پارتی دیموکراتی کوردستان.

بۆیە، بڕیاری ئازادکردنی ژمارەیەک لەو زیندانیانە تەنها بە فشاری نێودەوڵەتی بووە، گەرنا پارتی سووربووە لەسەر مانەوەی گیراوان لەزینداندا، بەتایبەت لە دواین سەردانی وەفدی باڵای یەکێتی ئەوروپا بۆ هەرێمی کوردستان و لەدیداری لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی جەخت لەوەکرایەوە کە دەبێت حکومەتی هەرێم ڕێز لە ئازادی ڕادەربڕین و کاری ڕۆژنامەگەری بگرێت. تائێستاش ئەو فشارە نێودەوڵەتیانە بەردەوامن بۆ ئازادکردنی سەرجەم گیراوانی دیکەی بادینان.

دەسەڵاتدارانی هەرێم دەبێت لەوە تێبگەن کە ناتوانن هاوشێوەی ساڵانی نەوەدەکان دەستکراوەبن و تیرۆری سیاسی و پێشیلکاریی دژ بە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە ئەنجام بدەن، چونکە لەئێستادا هەرێمی کوردستان بەدنیای دەرەوەدا کراوەتەوە و ئێمە لەدەرەوەی وڵات لۆبیەکی باشمان بونیادناوە بۆ ڕێگریکردن لە هەڵسوکەوتی دیکتاتۆریانەی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار و بەردەوام لە فراوانکردنی ئەو لۆبیەین لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و یەکێتی ئەوروپا.

## بزوتنەوەی کرێکاری بەهێز و یەکگرتوو بەرەو ئاسۆی ڕون هەنگاو دەنێ



نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

بزوتنەوەی کرێکاری لە ئێران سەرەرای بوونی ڕژێمێکی دیکتاتور و دژە خەڵک ساڵەهایە هاوتەریب لەگەڵ بزوتنەوەی ژنان لە سەنگەری پێشەوەیە و یەگرتوو لەگەڵ ڕەوتی ڕوداوەکانی هەناوی کۆمەڵگە خۆی بە ڕۆژ دەکاتەوە و بە داخوازیی ڕادیکاڵتر و بە شێوەی هاوئاهەنگ و یەکگرتوو خۆی بە ڕێکخستن دەکات. لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران کە ڕژیمێکی دژە مرۆڤەو هەموو مافە ڕەواکانی خەڵک بە بڤە بۆ سەر دەسەلاتە نەگریسەکەی دەزانێ تا بەهەنووکە بزوتنەوەی کرێکاری سەرەرای بوونی کەند وکۆسپی زۆر و بارودۆخی نالەباری ئابووری کرێکاران کە لەلایەن چینی باڵادەستەوە بەسەر چینی کرێکار ڕەوا کراوە، توانیوێتی لە بەرامبەر ئەو دەسەلاتە دژە خەڵکیە راوەستێ و پایەکانی لەرزۆک بکات. هەڵبەت بزوتنەوەی کرێکاری لەدوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی هەردەم لە ڕیزی پیشەوەی خەبات دژ بە چەوساندنەوەدا بووە و هەردەم ژنانی وەک هێزێکی کارامەی کۆمەڵگە لەگەڵی هاوتەریب بوون، بەڵام لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە شێوەیەکی زۆر هاوئاهەنگتر توانیوێتی خۆی بە ڕێکخستن بکات. بزوتنەوەی کرێکاری بە تایبەتی هەفت تەپە ماوەی ئەو چەند ساڵە تەنگی بە ڕژیم هەڵچنیوە و خەباتێکی بەرینی کرێکاری بە ژن وپیاوەوە و هەروەها مانگرتنێکی بێوێنەی وەگەڕ خستوە. ڕێبەرانی کریکاری سەرەرای زەخت و گوشاری لە ڕادەبەدەری حاکمانی سەرمایە و ساحێب کاران و هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم، ورەیەکی یەکجار زۆر بە بزوتنەوەکە دەدەن و زیندان وئەشکەنجە و هەرەشە لە خەباتیان پاشگەز ناکاتەوە. ئەوەی جێگای خۆشحاڵیە لەناو بزوتنەوەکە ڕێژەیەکی بەرچاو لەژنانی کرێکار و چالاکانی ژن وەک پشتیوانی ڕەوتەکە دەبیندرێ کە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە بزوتنەوەی کرێکاری هەردەم لایەنگری مافو ئازادی توێژی ژنانەو بزوتنەوەی ژنان بە هاوتەریب بوون و یەکگرتن لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاریە کە دەتوانێ بە مافەکانی بگات و دەمێک ساڵە بەو ڕاستیە حاشاهەڵنەگرە گەیشتوە. لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی وەکوو ماهیەتی راستەقینە و لە مێژینەی خۆی ویست و داخوازیی چینی کرێکار و نارازیان و مانگرتوانی بە زیندان و ئەشکەنجە و سەرکوت وەڵام داوەتەوە تا بەخەیاڵی خاوی خۆی بە خولقاندنی فەزای ترس و تۆقاندن بزوتنەوەکە لەبار بەرێ. سەرەرای زەخت و گوشاری زۆر و دەست بەسەرکرانی ڕێبەران و کەسانی دیاری ناو بزوتنەوەکە و سەپاندنی حوکمی ناڕەوای زیندانی درێژ ماوە، بەڵام کرێکاران بە تایبەتی هەفت تەپە تا بە هەنووکەش هەر لە خەبات و مانگرتن بەردەوامن و ڕۆژ بە ڕۆژ بە ڕێژەی مانگرتوان زیاد دەبێ. لەماوەی ساڵانی ڕابردوو بە هۆی سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لەبەرامبەر دنیای دەرەوە و پابەندنەبوونی ڕژیم بە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان و هەوڵەکانی بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم و دەست ڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی، ئابلۆقە ئابورییە یەک لە دوای یەکەکان بەسەر دەسەلاتدا سەپا کە دوکەڵەکەی چووە چاوی خەڵکی هەژار و کەم داهات و باجەکەی خەڵک دەیدەن. گرانی، هەژاری ڕەها، مادەی سرکەر، فرۆشتنی کچانی مناڵ لەژێر ناوی مارەیی و بە شودانیان، خۆکوژی، توندوتیژی لە رادەبەدەر، لەشفرۆشی، کوشتن و قەتڵە ناموسیەکان، خەمۆکی و هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کە سەرچاوە گرتوو لە هەژاری لە ڕادەبەدەر و نەبوونی خۆشگوزەرانی و پێداویستی ژیان و نەبوونی ئەمنیەتی کاری لەو وڵاتەیە بەرۆکی خەڵکی بە تایبەتیی چینی کەم داهات گرتووە. کریکاران سەرەرای نەبوونی ئەمنیەتی گیانی و ماڵی ناچاڕن مل بۆ سەعاتی کاری زۆر و حەقدەستی کەم بۆ بژیوی ژیانی بنەماڵەیان کە ژیانێکی مەمرە مەژیە ڕابکیشن. ئەم بارودۆخە بوو بۆ هۆکاری ئەوەی کرێکاران نەتەنیا بێ هیوا نەبن، بەڵکوو بە بوونی هێزێکی کارامە و نەسرەوتوو هەموو پایەکانی کۆماری ئیسلامی لەرزۆک بکەن تا ئەو جێگایەی ساحیب کاران لەهەموو پیلانێک بۆ لەباربردنی مانگرتنەکە کەڵک وەردەگرن، کە وەک هەمیشە بە خۆڕاگری ویەکگرتوویی کرێکاران شکست دێنێ. شەپۆلی بەرینی بزوتنەوەی کرێکاری ئەوەندە بە هێزە کە بۆتە مۆتەکەی کۆماری ئیسلامی و بە هیچ هێزێکی سەرکوت و زەبروزەنگ لە خەبات و ویست و داخوازیە ڕەواکانی پاشگەز نابێتەوە و مۆدێلێکی نوێی لە خەباتی مەدەنی و یەکگرتن و ڕێکخستن تەنانەت لەگەڵ دڕەندەترین ڕژیمی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەست پێ کردوە. بزوتنەوەیەک کە خۆڕاگری هەفت تەپەی کردووە بە وانەی خەباتی خۆی و تا گەیشتن بە ئاسۆ بەردەوامە، کە بێگومان ئاسۆی ڕوونی گەیشتنی هەموو چین و توێژەکان لە ئێران بە مافەکانیان ڕوخانی یەکجارەی کۆماری ئیسلامی و دامەزرانی سیستمێکی سۆشیالیستیە کە مرۆڤەکان تێدا مافی بەرامبەر و وەک یەکیان هەبێ.



# سەرنجێك لەسەر حزبی"شیوعی و کۆمۆنیستەکان"

نووسینی: عبدالرحمن رەسوڵ

کاتێک نەخۆشی یان پەتایەک بڵاودەبێتەوە، بەهۆی هەرهۆکارێکەوە بێت، پێویست دەکات بەزوویی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری تەندروستی شەو ڕۆژ بخەنە سەریەک بۆ دۆزینەوەی دەرمانی چارەسەر. دواتر بە هەوڵی ماندووبوونی شارەزایان دەتواندرێت دەرمانی چارەسەر بۆ جۆری نەخۆشی و پەتاکە بدۆزرێتەوە و هەنگاوەکانی چارەسەر دەست پێ دەکات. دواتر هەنگاوەکانی ڕوبەووبوونەوەی دەست پێ دەکات وسەرکەوتوو دەبێت. لەڕووی کۆمەڵناسییەوە دەرکەوتووە کە چەند کارێک مرۆڤ پێویستە خۆی لێ دوور بگرێت لەپێناوی سەرکەوتن بۆ هێنانەدی ئامانجە ئینسانییەکانیدا. کەزۆر بەسادەی بریتی یە لە : ١/ هەرگیز لەومرۆڤانە ناکرێت خۆش بیت کە فێڵ و دزو درۆ لەگەڵ خەڵک و دەوروبەریان دەکەن. لەبەرئەوەی هاوڕێیەتی یان نیزیک بوون لەکەسی درۆزن و فێڵ باز ودز وگەندەڵکار، وەک ئەوە وایە خۆشەویستی لەگەڵ جگەرەو نێرگەلەدا بکەیت، چونکە نێرگەلە و جگەرە لەگەڵ هەر مژێک زۆرترین ژەهر ڕاپێچی جەستەت دەکات دواتر هەروەک بەچەقۆیەکی ژەنگاوی گیانت بکێشرێت بەئازارێکی زۆرەوە. ٢/ هەرگیز باوەڕ بەو مرۆڤە مەکەرەوە کە جارێک متمانەتی لەدەستدا لەژێر هەر بیانوێکدا بێت، چونکە ئەوانەی جارێک متمانە لەدەست دەدەن هەرگیز ناتوانن لەگەڵ هەبوونی متمانەو ڕاستگۆی دا هەڵبکەن. ئەمەش لەبەرئەوەیە لەئەساسدا مرۆڤی بەرامبەر بەساویلکە ونەزان سەیر دەکات بۆیە درێژە بەبێ متمانەیی خۆی دەدات ناتوانێت وازی لێ بهێنێت. لەوەتی مێژووی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق کەبارزانی وخانەوادەکەی سەرۆکایەتی دەکات و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە تاڵەبانی وخانەوادەکەی سەرۆکایەتی دەکات، بناغەکەیان لەسەر ئەساسی کردەوەی دژە مرۆڤایەتی و دزی وچەوسانەوە وگەندەڵی و هاوکاری کردنی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە کە ڕاستەوخۆ لەکارگەی فاشیزمی کوشندەوە بەرهەم هاتوون، هەتا دوایی ساڵی ١٩٩١ و پێکهێنانی بەناو حکومەت و پەرلەمان لەباشووری کوردستان هەتا ڕۆژانی ئێستاش بۆ یەک چرکەش بەئاشکراو نهێنی دەستیان هەڵنەگرتووە لەدزی وچەتەیی وگەندەڵی ودژە مرۆڤایەتی، هەموو ئەمانە بۆ ئێوەی خوێنەری ئازیز ڕوونە پێویست بە بەڵگە ناکات، لەبەرئەوەی هەرکاتێک خۆیان لەناو خۆیاندا ووردە کێشەیەکیان دەکەوێتە نێوان لەپارەی دزراوەکانی خەڵک تەپووتۆزی کردەوەی دژە ئینسانی یەکتری بەیان دەکەن بۆخەڵکی کوردستان. هەرگیزاو هەرگیز کەحکومەت و پەڕلەمان گەندەڵ و دز چەوسێنەر بێت، نابێت چاوڕێ یان لێ بکەی کە داواکاریت جێبەجێ بکات، بەڵکو دەبێت شۆڕش بکەی بۆ گۆڕانکاری لەجۆری سیستەم ودەسەڵات. دەمەوێت لێرەدا باسی خاڵێکی کوشندەی شیوعی و کۆمۆنیستەکان بکەم. ئەویش نەگۆڕانیانە لەجۆری هەڵسوڕان و کاردنیان. ئاخر حزبی شیوعی بەکام پێوەرەی سۆشیالیزم لەپێش ساڵی ١٩٩١ بەرەی جود وهاوپەیمانی لەگەڵ کۆنەخوازترین هێزی ناوچەکە پارتی دیموکراتی بارزانی پێکدەهێنیت. ئەزیزانم بۆچی فێر نابن لەهەڵەی سەرکردایەتی ڕابردووتان کە هاوپەیمانیتان لەگەڵ فاشیزمی بەعس پێکهێنا لەکاتێکدا زۆرینەی خەڵکی عێراق ئەگەر ئەندامی حزبی شیوعی عێراق نەبایە ئەوا دۆستی بوو. ئەتوانم بڵێم بەهەزارەها ئەندامی هەبووە بەڵام سەرکردایەتی شیوعی لەجیاتی خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست دەسەڵاتیان بەهاوپەیمانی تەسلیمی حیزبی بەعس کرد. هەربۆیەش دواتر بەسەدەها کادیرو سەرکردەی شۆڕشگێڕی لەزیندانەکانی بەعسدا کرانە قوربانی وئازارو ئەشکەنجەدران ولەسێدارە دران بەهۆی شیوعی بوونیانەوە. لەدوایی ١٩٩١حزبی شیوعی هەروەک یەکێتی و پارتی شاباشی بۆبەرەی کوردستانی لێدەدا، کەهەر ئەوکاتەی یەکێتی وپارتی بزوتنەوەی شوراکانی سەرکوت دەکرد و کوڕە شۆڕشگێڕە هەژارو برسییەکانی فیشەک باران کران کە تێکۆشانیان بۆ هێنانەدی حکومەتی شورایی دەکرد. ئەو دەسەڵات و حکومەتەی کە ڕاستەوخۆ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش تێدا ڕاستەوخۆ لەڕێگای شوراکانی یەوە بەشداربێت، ئەوکاتە حزبی شیوعی لەهەمان بەرەی یەکێتی و پارتی و ئیسلامییەکاندا بوو . ئەوا چەندین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کرا لەعێراق وکوردستان، بەڵام بارودۆخی خەڵک ساڵ دوای ساڵ خراپترە لەسایەی هەبوون و درێژپێدانی سیستەم و دەسەڵاتێکی چەوسێنەرو کۆنەخواز لەکوردستان کەبنەماڵەکانی خێڵ ڕابەرایەتی دەکەن بەناوی حکومەت وپەرلەمانی کوردستانی عێراق. بەڵام حزبە شیوعییەکەی شاباش بۆهەمان دەسەڵات و سیستەم لێدەدات ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەکاتە ڕاوێژکاری سەرۆکایەتی هەرێم وحکومەت ودواتر دەیان کاتە وەزیر و ئەندام پەرلەمان. سکرتێرەکەی دەکاتە وەزیر لەهەمان سیستەم و دەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەرو دژە ژن و دژ بەئازادی ڕادەربڕین و دژ بەهەرچی جوانی ئینسانی بوون. ئەم حزبەش هەمان هەڵەی سیاسی حزبی شیوعی عێراقی کردەوە کە بەرەی هاوپەیمانی لەگەڵ کۆنەخوازترین هێزی عێراق بەسەرکرایەتی موقتەدا سەدر پێکهێنا، بەڵام بەبێ ئەوەی هەنگاوێک بەرەوپێش بچێت لەئاراستەکردنی کۆمەڵگای عێراق بەرەو هێنانەدی کۆمەڵگایەکی باشتر. سی ساڵە لەژێر هەمان دەسەڵاتی خێڵایەتی بارزانی و تاڵەبانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بەتوندترین شێوە دەچەوسێنەوە وبێ ماف دەکرێن، سی ساڵە بەردەوام درێژە بەژن کوشتن وتیرۆرکردنی هەڵسوڕاوانی سیاسی ڕەخنەگر دەدرێت، شاعیرو ڕۆژنامەنووسان دەکوژرێن و زیندانی دەکرێن پێم ناڵێن چ جۆرە تێکۆشانێک دەکەن بۆڕزگاری کرێکاران وزەحمەتکێشان لەکاتێکدا هەرچی گەنج ولاوانی کوردستان هەیە پۆل پۆل کوردستان بەجێ دەهێڵن بەهۆی دزی و گەندەڵی دەسەڵاتدارانەوە کە ئێوەی حیزبی شیوعی دڵخۆشن بەهەبوونی مەکتەبی سیاسی وسەرکردایەتیتان وەک ڕاوێژکارو وەزیرو ئەندام پەرلەمان. تاکەی لا ملی بەرپرسانی پارتی ویەکێتی ماچ دەکەن باسی یەکگبوونی خەباتی کوردایەتی و نیشتمانی لەگەڵیان دەکەن کەهەموو خەڵکی کوردستان باش دەزانن ئەوانە دزو گەندەڵ و چەوسێنەرن، کەچی ئێوەی شیوعی شاباشیان لەگەڵ لێدەدەن. ئیتر بەسە یان حزبتان هەڵوەشێنن بچنە ناوپارتی ویەکێتییەوە یاخود ڕاستەوخۆ بەئیرادەی بەهێزەوە نەفرەت لەکورسی ڕاوێژکاری و وەزیری و ئەندام پەرلەمانی بکەن و بچنە ناو خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و برسییەکانی کۆمەڵگەوە بۆ ڕێکخراوبوونیان بەرەو شۆڕش و ڕاپەرین لەدژی سیستەم ودەسەڵاتی چەوسێنەرو دزو گەندەڵکاران هەنگاوی شۆڕشگێڕانە بەرن. ئیتر بەسە شەقامەکان بۆ هێزە بۆرژوازی و کۆنەخوازەکان چۆل مەکەن باچیتر هیچ حزب وگرووپێک بەسەرشانی گەنجانی ناڕازی و کرێکارو چەوساوەکاندا سەرنەکەوێت دواتر بچێتە بەرەی دەسەڵاتەوە. ئێوەی حزبی شیوعی ببنە ڕابەری تێکۆشانە جەماوەریەکان بۆ ڕووخان و لەگۆڕنانی دەسەڵاتی دزو چەوسێنەرانی کوردستان. ئیتر بەسە هەنگاوبنێن بەرەو گەشەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکان بەڕێکخستنیان لەناو ئەنجومەن و شورا شۆڕشگێڕەکاندا. چەوسێنەران گەمژەیی وپێستی ڕوویان زۆر بەهێزە، هەتا خەڵک نەیانخاتە زبڵدانەوە هەر لەسەر ملهوڕی گەمژەییان بەردەوام دەبن. ئەوەش ڕوونە کەبەحزبی شیوعیش عاقڵ نابن بەقسەی ڕاوێژکارو وەزیر ئەندام پەرلەمان چاکسازیی ناکەن، لەبەرئەوەی هەریەکەیان گەشە بە چەوسانەوە دەدەن، بەسوود وەرگرتن لەزانستی ئیداری سەرمایەداری خودی سیستەمی سەرمایەداریش بەڵایەکی گەورەو کوشندەیە بۆ مرۆڤایەتی، هەتابمێنێت بەردەوام مرۆڤەکان زەلیل و هەراچ دەکات. کەوایە گەشەدان بە شۆڕشی چەوساوەکان ئەرکێکی پێویستی شۆڕشگێڕییە یەکێک لەهەنگاوە سەرەتاکانیشی ڕێکخستنی خەڵکی ناڕازی بەئامانجی لەگۆڕانی ئەودەسەڵاتە ملهوڕو دزە نەک بۆ دەنگ کۆکردنەوە بەئامانجی زیادکردنی ئەندام پەرلەمان و وەزیرو ڕاوێژکاری سەرکردایەتی. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەوا چەندین کۆنگرەی بەست، بەڵام لەڕوویی جەماوەری یەوە ساڵ لەدوایی ساڵ لەپاشەکشەی زیاتردایە ئەمەش بەهۆی ئەوەیە ئەم حزبە هەرگیزاو هەرگیز دانی بەهەڵەوکەم وکوڕییەکانی دا نەناوە، بەردەوام سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی یەکەی وەکو مەلایەکی ئایینی وتاریان داوە وئامۆژگاری خەڵکی یان کردووە، بەڵام خۆیان وەکو ڕابەرو سەرکردەی شۆڕشگێڕ لەناو جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و برسی وبێکارانی کوردستاندا نەبوون. خاڵێکی کوشندەتریش ئەوەیە کە ڕابەرایەتی ئەم حزبە دوای نەمانی مەنسورحیکمەت هەرچی ئەدای شۆڕشگێڕیشی هەبوو لەخۆی داماڵی هەربۆیە ڕۆژ دوای ڕۆژ بێ کاریگەرتر مایەوە لەئاراستە کردنی کۆمەڵگەدا. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە تائێستاش دوورە پەرێزی تێکۆشانی کرداری شۆڕشگێڕی جەماوەریین. ئەمەش بۆ هەموو ڕێکخراو حزبەکانی کەلەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق جیابوونەوە هەر ڕاستە ئەوانیش هەتا بڵێی وێرانن دوور لەجەماوەری ناڕازی و چینی کرێکارو زەحمەتکێش و بێکاران حزبایەتی دەکەن. بەڵام بێ تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری چینایەتی خۆیان کەنارگیر کردووە. لەدوایی ساڵی ٢٠٠٠ وە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەر ڕابەرایەتی و هەڵسووڕاوێکی زیاتر بەرەو نیشتەجێ بوون لەولاتانی ئەوروپا وکەنەدا و وڵاتانی تر هەنگاوی نا، لەدوای هێرشی دژە ئینسانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و تیرۆرکردنی چەند هاوڕێ یەک مەیدانی تێکۆشانەکانی کوردستان وعێراق ڕاستەوخۆ ڕادەستی حزبەکانی ئیسلامی یەکان و بزووتنەوەی گوران کرد، لە وڵاتانی دەرەوە تەنها وەک مەلایەکی دینی تەنها وتاریان نووسی و ئامۆژگاریان بڵاودەکردەوە. ئاخر ئەمە چ جۆرە خەباتێکی شۆڕشگێڕییە، ئەوەش هیچ بیانوێکی دروستی ئینسانی نییە کەبگوترێت من ئازادم لەکوێ دەژیم وسەفەر بۆ کوێ دەکەم لەکام وڵاتە ژیان دەکەم ئەگەر ئەوە بیانوو بێت کەوایە گەنجان و لاوانی کوڕە کرێکارو زەحمەتکێش و جوتیارو بێکارەکانی کوردستان کە کوردستان بەجێ دەهێڵن و نارەزایەتییەکان خاڵی دەکەنەوە هەقیانە، بەڵام کێ زەرەر دەکات جگە لەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش وبرسییەکان و هەژارەکانی کۆمەڵگە نەبێت کە دەبێت باجی زیاتر بدەن. کۆمەڵگە چۆن حزبەکانی دەسەڵات و حیزبەکانی ئیسلامی و بزوتنەوەی گۆڕان ونەوەی نوێ ڕەد دەکاتەوە دڵنیابن ئەم جۆرە حیزبایەتی یەی حزبی و کۆمۆنیست و شیوعییەکانیش بۆیە چەند ساڵە ڕەت کردۆتەوە چونکە حزبی شیوعی لەپارتی ویەکێتی وئیسلامی یەکان و بزوتنەوەی گۆڕان پیشنیاری دڵسۆزانەتری لەڕێگای ڕاوێژکارو وەزیرەکان وئەندام پەرلەمانەکانی ئاراستە ئەم دەسەڵاتە دزو فێڵبازو گەندەڵ کارو چەوسێنەرە کردووە کەئەم جۆرە حیزبایەتی یە زۆر کوشندەیە، ڕاستەوخۆ کوشتنی ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی کادیرانی شیوعی یە هەر ئەمەش وای لە کادیر و هەڵسوڕاوانی حزبی شیوعی کردووە کە پێشبڕکێ بکەن لەناردنی گەنج ولاوەکانیان بۆ دەرەوەی کوردستان لەبێ ئومێدی دا ئەم بڕیاریان بدەن. هەروەها حزبی کۆمۆنیست و حزبەکانی تری وە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی ویەکێتی کۆمۆنستەکان تەنها وەکو مەلایەکی دینی لەفەیسبوک ومالپەڕە حزبی یەکانیانەوە وتاری ئامۆژگاری یان بڵاوکردۆتەوە بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە بەرپرسیارێتێکی شۆڕشگێڕی لەناوجەماوەری کرێکارو بێکارو زەحمەتکێشانی کوردستان و عێراق لەئەستۆ بگرن کەببنە بەشێک لەچارەسەری شۆڕگێڕانەی خەباتی هاوبەشی جەماوەریانە.

ئاخر پێم ناڵێن ئێوە چ جۆرە حزبێکی شیوعی و کۆمۆنیستێکن کە ئەو کاتەی سەختی ژیانی ماڵە هەژاریک بەرانبەر بارگرانی و قورسی نان پەیداکردن دەگاتە ترۆپک وسەرجەم خانەوادەکەی لەبێکاری و هەژاری و برسێتیدا بێ هیوا و بێ ئومێدە لەژیان هەر ئەوکاتەیە کە دەنگی دەنگی ناڵەو ئازاری برسیەتی منداڵێکی ناو خانوە هەژارنشینەکان کە ڕاتان نەچڵەکێنێت بۆ بانگەوازی خەباتی هاوپشتی و یەکگرتووانەی حزبە کۆمۆنیست و شیوعییەکان بۆئەوەی لەناو بزوتنەوەی جەماوەری ناڕازییەوە ببنە ژیلەمۆی پشتیوانی هێنانە کایەوەی ئەنجومەن و شورا شورشگێڕەکانی کۆمەڵگەکەتان. کەخۆتان ناگۆڕن بۆ تێکۆشانی شۆڕگێڕانەی ناوجەماوەری ناڕازی خەڵکی کرێکارو بێکارو برسییەکان باشتر حزبەکانتان هەڵوەشێن وکادرو ئەندامەکانتان ئازاد بکەن. ئەی حزبایەتی بۆچی دەکەن ولەپێناوی چی دا دەکەن و چۆن دەتوانن بەتەنها سۆشیالیزم بەدی بهێنن؟؟ ئاخر مارکس لینین و گیڤارا و ترۆتسکی هیچیان لەئێوە نەدەچوون بۆیە لەشۆڕش و ڕاپەرینەکاندا سەرکەوتووبن. ئەو کاتەی هەژاران داوای نان و مافی ژیان دەکەن. ئێوە لەفەیسبوکەوە یان لەبەیاننامەیەک لەسایتەکانتانەوە جگە لەوتاری ئامۆژگاری کۆمەڵگە هیچی تر نابیستێت بۆیە ناتوانن کۆمەڵگە ئاراستە بکەن. ئاخر ئەوکاتەی کۆی حزب و ڕێکخراوە شیوعی وکۆمۆنیستەکان مناقەشە وگفتوگۆی جۆری فکرو ئایدیاکانیان لەگەڵ یەکتری دەکەن، لەهەمان کاتدا خەڵک پێویستی بە بەدیلی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریانە هەیە بۆئەوەی سیستەم و دەسەڵاتی چەوسێنەر و دز ڕابماڵێت. پێویستە حزبی کۆمۆنیست و شیوعییەکان ڕاستەوخۆو ڕاشکاوانە خۆیان ببنە بەشێک لەخەڵکی ناڕازی کە ببنە ژیلەمۆی ڕێکخستنی نارەزایەتییەکان، نەک لەچوارچێوەی حزبەکەیاندا بەڵکو بۆ هێنانەکایەوەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی لەجۆری بزوتنەوەی شورایی و ئەنجومەنە شۆڕشگێڕەکاندا. کەئامانجی لەگۆڕنانی سیستەم و دەسەڵاتی چەوسێنەرو کۆنەخواز و دز بێت دواتر هێنانەدی ئیدارەدانی شورایی بێت کە بەواتای دەسەڵاتداریتی خەڵک دێت. بزووتنەوەی شووراکانی خەڵکە بەئیدارەدانی خۆبەڕێوەبەری خەڵک، دەتوانێت کۆمەڵگە ڕزگاربکات لەدەست دەسەڵاتی گەندەڵ و دز مافیاو سەرکوتگەر.



## پرسی ژن ؟

**توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،**

**ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..**

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# کەلتور و توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان

**نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**



توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت و گەورەیی ئافرەت، دیاردەیەکی شاراوە و نادیار نییە، بەڵکوو جیهانییە و کۆمەڵێک تایبەتمەندیی کەلتووری، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، سیاسی و ئابووریی هەیە. کات و شوێنی تایبەتی نییە و سنووری شوێنێک، یان وڵاتێک، یان کیشوەرێکی نییە، واتە سنووری جوگرافیی نییە. ژنانی ماڵەوە و دەرەوە، خوێندەوار و نەخوێندەوار، دەوڵەمەند و هەژار، بەڕێوەبەر، یان فەرمانبەرێکی ئاسایی، جوان و ناشیرین، کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و دواکەوتوو دەگرێتەوە و، هەمیشە بەشێوەیەک لە شێوەکان تووشی توندوتیژیی جەستەیی، یان دەروونی، یان سێکسی دەبنەوە، لە لایەن باوک، مێرد، برا، کوڕ، مام و خاڵ و هی ترەوە.

ئەگەر تێڕامێنین و سەیر بکەین دەبینین سەرباری ئەو هەموو پێشکەوتنانەی ئەمڕۆ، نەتوانراوە دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەت دەستی بەسەردا بگیرێ و ئافرەت شکۆفەی بپارێزرێت هەندێک جاریش ئامارەکان لە بەرزبوونەوەدان، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم دیاردەیە ڕەگی لە نێو سترەکتۆری کۆمەڵگەی چینایەتی کۆمەڵگەدا هەیە و، هەڵقوڵاوی بەشێک لەو کەلتوورە دواکەوتووەیە کە لە کەلتووری نەتەوەکانی دەوروبەر و بەشێک لە کەلتووری بەدەستهاتووی بەناو دابونەریتی کوردەواری خۆمان، کە تێکەڵکراوە بە دەقە ئاینیەکان، کە دەڵێین بەشێک لە کەلتووری بەدەستهاتووی بەناو دابونەریتی کوردەواریی خۆمان، مەبەستمە بڵێم کەلتووری ئێمە لە بنەڕەتدا کەلتوورێکی دژە ئافرەت نییە و، توندوتیژیش دژی ئافرەت کەلتووری ئێمە نییە، بەڵام کۆمەڵگەی ئێمە بە درێژایی مێژوو داگیرکراوە و، ڕووبەرووی پرۆسەیەکی بەردەوامی توندوتیژی بۆتەوە، ئەمەش وایکردووە پەروەردەی کۆمەڵایەتی پەروەردەیەکی توندوتیژ و، ناهاوسەنگ بێت بە شێوەیەک کە لەگەڵ یەکەم چرکەساتی لەدایکبوونی مرۆڤی مێینە ڕەنگی داوەتەوە...

بەپێی زۆربەی ئەو پێناسە جیهانییانەی، کە بۆ توندوتیژی کراون، بریتییە لە: "هەموو ئەو (کردار، ڕەفتار، ئاماژە، قسە و جووڵانە)، کە بەبێ خواستی خۆی بەرامبەر کەسێک ئەنجام دەدرێت". کەواتە توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی، شوێنەوار و کاریگەریی خۆی جێ دەهێڵێت. ئیتر لەلایەن هەر کەسێکەوە بەرامبەر کەسێکی تر بکرێت.

مرۆڤ لە هەست، غەریزە و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیاندا یەکسانن، هیچ مرۆڤێکی ئاسایی نایەوێت کەرامەتی لەکەدار بکرێت و شکۆفەی بشکێنرێت، یانیش قسە و ئاماژەیەکی ناشایستەی بەرامبەر بکرێت. زۆرجار کەسەکان لە حاڵەتی بێدەسەڵاتی، یان ناهۆشیاریدا، بەشێک لە توندوتیژییەکان قبووڵ دەکەن، بەڵام مەرج نییە ئەم بێدەنگی و بەرگەگرییە تا سەر بێت. ئەگەر وەکوو خۆی و لە کاتی خۆی وەڵام نەدرێتەوە، بەجۆر و شێوازی تر و لە کاتی جیاواز، دەرهاوێشتەی خۆی دەبێت.

ناوەناوە کەسانێک لەژێر ناونیشانی (پیاوی ئایینی) بە ئارەزووی خۆیان و بێسنوور قسە بە ئافرەتانی کۆمەڵگە دەڵێن و شکۆفەیان دەشکێنن، ئەوان ئایین وەکو وەسیلەیەکی سەرکوتکردن و بۆ ڕاگرتنی ڕەوتی پێشڕەوی کۆمەڵگە بەدەستەوە دەگرن. بەهۆی بەکارهێنانی ئایین، سۆزی بەشێک لە خەڵک ئیستیغلال دەکەن و ڕەوایەتیی بەم دەستدرێژکارییە دەدەن، ئەم دینداررییەی کە ئەم جۆرە کەسانە بە کۆمەڵی دەفرۆشنەوە، مێژوویەکی ئاشکرای هەیە لە وێرانکردنی کۆمەڵگەو پاشەوپاشگێرانەوەیەتی، دنیای بەناو ئیسلامی باشترین بەڵگەی ڕۆڵی وێرانکەرانەی دین لەدژی تاک و شکۆڤایی کۆمەڵگەی خستۆتە ڕوو. لە سەردەمی تەکنۆلۆژیا و کرانەوەی کۆمەڵگە، لەجیاتی ئەوەی سەری خۆیان کز بکەن و پەیوەندی خۆیان بەشێوەی تاک و شەخسی لەگەڵ ئەو باوەرەی هەیانە بپارێزن، دێن و وەکو هەمیشە نابەرپرسانە هەندێ قسە فڕێ دەدەن، کەنەک دوورو نزیک کۆمەک بە کۆمەڵگەو ئاگاهی کۆمەڵگە ناکات، بەڵکو تونیلە داخراوەکانی ژیان دەخەنە بەردەم ئینسانی ئەم سەردەمە، کە زانست و زانیاری زیندو گۆی زەوی تەنییوە.

کەسانی هۆشیار و بەئاگا لە پێشکەوتنە خێراکانی جیهان و سەردەمی گلۆبال و عەولەمە، تێدەگەن کە ناتوانرێت بەر بە گۆڕانکارییەکان لەسەر هەر ئاستێکی ژیاندا بگیرێت، ئەو جەهلەی، کە پێشتر بەناوی جیاجیا لە کۆمەڵگە بڵاودەکرایەوە، کرانەوە و خوێندنیان بە عیلمی ئیبلیس وەسف دەکرد. ئێستا لە هیچ کوێی ئەم گوندە جیهانییەی، بەهۆی تەکنەلۆژیاوە دروست بووە، جێگایان نابێتەوە. بۆیە ناتوانرێت ئەوەی پێشتر دەیانکردە جێی باوەڕی کۆمەڵ و لەژێر ناوی جیاواز پێگەی کۆمەڵایەتی بۆ دروست دەکردن، ئیتر درێژە بکێشێت. دەبێت دان بە گەورەی و گرنگی ئافرەت دابنێن و شکۆفە و پیرۆزی بۆ بگێڕنەوە.




ئەوەی ئێستا لە بەشێک لەو پیاوانە یان ئەوانەی بەناوی ئایینەوە دەیانەوێ فەتوای دابەشکردنی کۆمەڵ بدەن، بەر لە هەر شتێ هەست دەکەن، کە پێگەی کۆمەڵایەتییان لەمەترسیدایە، چونکە کاتێک کۆمەڵگەیەک دامەزراوەی تێدابێت، ئەو کەسانە شوێنیان لەق دەبێت، هاوکات پێشکەوتنی کۆمەڵگە لەسەر ئاستە جیاجیاکان و ئاگایی خەڵک، جارێکی تر شوێنی ئەوان لێژ دەکات. لەبەرئەوە ئەو جۆرە پیاوانە لە پەلەقاژەدان بەردەوام بەسەر ئافرەتان و مافەکانی ئافرەتاندا دەڕشێنەوە و بەردەوام دەگەڕێن بەهەر جۆرێک بێت شکۆفەی ئافرەت بشکێنن یاخود لەکەدار و ناشیرینی بکەن، ئەوە لەکاتێکدا لەڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا کە لەسەدەی بیست و یەک و ساڵی دوهەزاروبیست و یەکدا دەژین هەموو تاکێک دەبێت دەرک بەو عەقڵیەتە بۆگەنە بکات، چونکە ئەو عەقڵیەتێکە داشۆراوەتەوە لەهەموو بەها جوانەکان و چاوی بەهیچ ڕەمزێکی سەرکەوتنی ئافرەتان هەڵنایەت.

**جیاکاری لەدژی ژنان تایبەتمەندیەکی گرنگی دنیای ئەمڕۆیە. لە بەشی هەرەزۆری وڵاتانی جیهاندا، ژنان بەڕەسمی و بە یاسایی تەنانەت لەو ماف و ئازادییە بەرتەسك و بێبایەخانەش بێبەشن کە پیاوان لێی بەهرەمەندن. لەو وڵاتانەدا کە لە ڕووی ئابووریەوە دواکەوتوون، هەروەها لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دین و نەریتە کۆنەکان ڕیشەیەکی قووڵتریان لەنێو نیزامی سیاسی و ئیداری و کەلتووریی کۆمەڵگەدا هەیە، ستەمکێشی و بێمافی و ژێردەستەیی ژن بەئاشکراترین و قێزەونترین شێوە خۆی دەنوێنێ. لە وڵاتانی پێشکەوتووتر و مۆدێرنتردا و تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەشدا کە لەسایەی بزووتنەوەکانی لایەنگر لە مافەکانی ژنان و هەڵمەتە سۆسیالیستیە کرێکارییەکان جیاکاریی جنسی بەڕواڵەت لە بەشی هەرەزۆری یاساکاندا هەڵگیراوە، هێشتا ژنان لە جەرگەی میکانیزمی ئابووری سەرمایەداری و دابونەریت و بیروباوەڕە پیاوسالاریەکانی نێو کۆمەڵگە، بە کردەوە لەزۆر ڕووەوە دەکەونە بەر جیاکاری و ستەم ...**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

## ژنێک لە گوڵ یا گوڵێک لەژن...



خوێندنەوەی هونەری: جەمال نوری

لەناو ئەم تابلۆیەی "کریسینا"، وێرای هارمۆنی لە بەکارهێنانی ڕەنگەکان و تێرکردنی بینینی چاو بەو شێوە بەکارهێنانە، فێری ئەوەمان دەکات چۆن چێژ لە بینینی تابلۆیەک وەر بگرین. خەسڵەتی ئیشکردنی "کریستینا" لە بواری هونەری نیگارکێشان، ئەوەمان پێ دەڵێ کە هونەرمەند بەجورێک ڕەنگەکان بەکار دەهێنێ کە هەر یەکێکیان جورێک لە واتا لە پشتی یەوە دەخوێنرێتەوە، وەک نۆتەی مویزیک، ڕەنگەکانی ناو تابلۆکانی "کریستینا" ئیقاعی مویزیکی لەخۆی هەڵکێشاوە، بەچەشنێک هەرکاتێک بەر تابلۆیەکی ئەو خانمە هونەرمەندە دەکەوین، وەک گوێبیستی پارچە موزیکێکی باخ، یا بتهۆڤن، بگرین بۆ مێشک هێور کردنەوە، سەلیقەیی هونەری "کریستینا" بە جورێکە کە هەموو سنورەکانی خەیاڵ تێدەپەڕێنێ، بەسنوری جوگرافیای سەر زەمینی هونەرمەندەوە و دەگاتە ئێمەیەک لە کیشوەرێکی ترو سەر زەمینێکی هێجگار جیاواز، بەڵام ئەوەی بەیەکمان گرێدەداتەوە توانای بەرزی هونەری "کریستینا"یە لە شێوەو فۆرمی هونەریدا،

لەڕێگای بینینی تابلۆکانیەوە کەدێنە بەرچاومان، واتە بۆ هەڵسەنگاندنی تابلۆی هونەری، چاو یەکەم ئەندامی هەستە باڵای مرۆڤە، بەری بکەوێت، بەواتایەکی دی، چاو بە درێژایی مێژووی پۆرتریەت، گرنگترین بەشی داگیرکردووە. چاو دکیومنتەیشنی کەسایەتی و مۆرکی ڕاستەوخۆی جیهانبینیەیەکە کەبڕوای وایە نیگارکێش شیعرێکە چاو نوسیویەتی، داستانێکە نیگارکێش، بە ڕەنگ وتۆنی ڕوناکی و هێڵەکان وخاڵەکان وفیگورەکانی دەینەخشێنێت. "نیگار یا هونەری شێوەکاری زمانێکی جیهانی کاریگەرترە لەهونەری مۆزیک، لەبەرئەوەی کێشە گەورەکانی ئینسانیەت، نەمری، بەختەوەری، ئازادی ویەکسانی، لە چاوی پۆرتریتەکاندا دەخوێنرێنەوە.

ئەو دەمانەی ئینسانەکان زۆر نزیکتر لە سروشتێکی پەتی و لەگیانەوەران ژیاون، وێنەی ئەوانیان بە دیقەتەوە کێشاوە، ئەو دەمانەی ئینسانەکان خۆیان وەک تێکەلەیەک لەبوونی خودایی وئینسانی و تامەزرویی نەمری بوون، نیگاری هاوبەشی خۆیان کێشاوە. فۆکسی کریستینا لە ئیشە هونەریەکانیدا لەسەر ژن هێندەی تر ڕاماندەکێشێ بۆ بینینی زیاتری تابلۆکانی، ئەم فۆرمە






لەئیشکردن سەلمێنەری ئەوەیە کە هونەرمەند

وەک (فیمینیستێک) داکۆکی دەکات لەمافەکانی ژن لەهەر بستێکی سەر گۆی زەوی بێت. ئەم فۆکسەی هونەرمەند لەسەر ژن لە تەواوی تابلۆکانیدا ئەوەمان پێ دەڵێ، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەبێ ژن ناکامڵە و بۆ کەشفکردنی ژیان و تێگەیشتن لە سیحری جوانیەکانی دەبێ ژن بناسین.

شەفافیەت لە ڕەنگە کاڵ و تۆخەکانی و بەرجەستەکردنیان بەرهەمی ڕەنگێکی نوێ لە خۆیدا بەرجەستە دەکات، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی بەرزی هونەری"کریستینا" لە بە کارهێنانی ڕەنگەکان. تابلۆی ڕووت بونەوەی ژن لای "کریستینا"، واتاو دەلالەتێکی گەورە لەپشت ئەم تابلۆیەدا دەبینرێ، وەک ئەوەی کە دەبینین ژنێک بەڕووتی دانیشتوەو وەک تەماشای شوێنێ لەخوار خۆیەوە بکات و لەشی نیوەی داپۆشراوە، "کریسینا" بە گوڵ نیوەی لەشی ژنەکەی داپۆشیوە، یا بەجورێکی تر "کریستینا" دەیەوێ پێمان بڵێ ئەوە ژنێکە لەناو گوڵێکدا خونچەی کردوەو سەری دەرهێناوە، واتە ژن بۆ خۆی بە گوڵێک دەچوێنێ و دەیەوێ لەم ڕێگایەوە بڵێ ژن پێویستە لەلایەن بەرامبەرەکەیەوە، هەر بۆ بۆنکردن بەکاری نەهێنێ، بەڵکو دەبێ بیرازێنێتەوە لەناو عەقڵیداو بە شادەماری بیرو هۆش و هەستە باڵاکانیدا ڕۆبچێ و نەهێڵێ سیس و بژاکێ، وەک تێبینی دەکرێ لەناو گوڵەکەدا دەم وچاوی پیاوێ وێناکراوە، کە بەشێوەیەک، چیرۆکێ لەپشتی ئەو دەم و چاوەوە دەخوێنرێتەوە، بەجورێک ئەو دەم و چاوە وێناکراوە کەجورێک لە گۆشە گیری و دابڕان بوبێتەوە، واتە نەیتوانیوە لە ژن وەک خۆی بگات.

لەتابلۆکەدا دەبینین ژنەکە بۆ خوارووی دەڕوانێ، وەک ئەوەی تەماشای دیمەنێک بکات دیمەنێ لەڕووداوەکانی ژیان، کە بەسەر ژن دا دەهێنرێ.

ڕووتبونەوەی ژن لەم تابلۆیەدا، هێمایە بۆ پاکی و جوانی و تام و بۆنی ژیان، ئەوەی دەیەوێ لە ژیان بگات، دەبێ سەرەتا دەبێ ژن بناسی، ئەوکاتە بڕوانێ لەژیان.

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا

# شەو نییە، شانم بەر شانی مردن نەکەوێ

## نووسینی: جمال نوری

دووەم دیوانە شیعری حەکییم میرزا، لەژێر چاپدایە، بەم نزیکانە دەکەوێتە بازاڕاوە، حەکییم میرزا، بەدەرچواندنی ئەم دیوانە شیعرەی دەبێتە خاوەنی دوو دیوانە شیعر، کە کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند دەکات.

حەکییم یەکێکە لەو شاعیرانەی خاوەن دەنگێکی تایبەتی خۆیەتی، غوربەت کاریگەری لەسەر ڕۆحی بەجێ هێشتووەو تەنهایی و غوربەت ڕەنگی داوەتەوە لەزمانی شیعری دا. میرزا لەڕێگای موفرەداتی وشەوە موخاتەبەی خود ئاگایی پێ دەکات، ئەو دەستەواژانەی کە پانتاییەکی فراوانی داگیرکردوە لە دەقە شیعریەکانیدا، وەک مردن، تەنیایی، ژیان، ئەشق، تاریکی، خود ..هتد، ئەو ڕاستییە بەڵگەنەویستەمان بۆ دووپات دەبێتەوە کە شاعیر زیاتر ڕۆچۆتە ناو ئەو چەمکانەوە، کەلە دەلالەتی واتادا مەدلولێکی تر ئەدات بە خوێنەر... واتە شیعر لەشوێنگەیەکی بەتاڵی بەشەرییەتدا وجودی نییە، ئێمە بۆ ئەوە شیعر دەنووسینەوە، خەڵکانی دی بیخوێننەوەو چێژی لێوەرگرن و لەجیهانێکی جەنجاڵدا دەگوزەرێین، پڕاوپڕە لە وەهم و ناعەدالەتی.

ئەم دنیا پڕ جەنجاڵە، مانایەکی نەهێشتۆتەوە بۆ ژیان، بەڵکو قۆرغی ژیانی کردوە و تەحەکوم بە تاکەکانی نا، ژیان دەکات، میرزا لەڕێگای ئەم دیوانە تازەیەوە مەبەسێتی لەو جۆرە ژیانە بێتەدەرێ و خۆی گرێ نەداتەوە بەو بێسەرو بەرەییەی ژیان. بەجۆرێکی تر حەکیم میرزا دەیەوێ لەڕێگای ئەزمونکردنی ژیانەوە لەدەرگای مردن بدات و لەماڵی ئارامی و بێدەنگیدا ڕامێنێ. وەک دەزانرێ خەسڵەتی بنچینەیی شیعر (زمانە) بەبێ بوونی زمان داهێنان سەرهەڵنادا، وەلەهەمان کاتدا (زمان) یش بەبێ باری ژیانی کۆمەڵایەتی و مەبەستی دەربڕین وگەیاندن و داڕشتنەوەو دروستکردنەوە، لەتوانایدا نەدەبوو بەم چەشنەی ئێستاکە لێی تێگەیشتوین بوونی هەبوایە. واتە کاتێک زمان بۆ شاعیر چەند زەرورە لەهەمان کاتدا بۆ بەکارهێنانی ئەو زمانە پاراوەش پێویستە شاعیر پەنا بەرێتە بەر بەکارهێنانی (وشە گەلێکی) ناوازە، تاوەکو فۆرمی گشتی شیعرەکەی برازێنێتەوەو گیانێکی ئێستاتیکی بکاتە بەر واتە وشە سوێسکەیە، لە فەرهەنگدا مۆمیا کراوە، لە (شیعردا) لە شەققەی باڵ دەدات. ئالێرەدا پێویستە ڕەخنەگر، وەک کەسێکی خوێنەر دیدو سەرنج و ڕەخنەکانی لەئاست نوسینی سەنگی دەقە شیعرەکەدابێ.

لەم دیوانە شیعرەی برای شاعیر زیاتر شیعرەکانی بەهەناسەی قەسیدە نوسراون، واتە پێکهاتەیەکە لەشیعری درێژ، لێرەدا شاعیر بۆ داڕشتنی فۆرمی گشتی شیعر چەند مەدلولێک دەست نیشان ئەکا وەک : – (مردن، تەرەفی ئاو، چاوەڕوانی بەیانی، شەو نییە، خەو، هتد) تاوەکو لەڕێگای ئەم مەدلولانەی دەستنیشانی کردون دەلالەتی واتاکانی لەڕێگای کۆدو هێمای شیعرەوە وێنا بکات، لێرەوە میرزا هەناسەی شیعری لەشێوەی قەسیدەدایە ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێ کە شاعیر بۆهەریەک لەو مەدلولانە هێندە کینگڵی دەدا هەناسەی کورتی شیعر تێری ناکات، بۆیە دەبینین دێڕەشیعرەکانی درێژە پێدەدات، بەڵام سەرئەنجام هەست بەیەکێتی بابەت دەکەین لە فۆرمە




گشتیەکەدا. کە دێڕەکانی بەستۆتەوە بەیەکەوە.

لەلایەکەوە ئەم چەند قەسیدەیەی حەکیم میرزا، خۆی لە شیعری درێژدا دەبینێتەوە، و ناچنەخانەی شیعری درامیەوە، لە شیعری دراما‌دا ژمارەی دێڕە شیعرەکان درێژ نین، بەڵکو گرنگی بە تابلۆو دیمەنە یەک لەدوایەکەکان دەدات، بە پشتبەستن بەڕووداو و هەڵوێستی جیاواز و ململانێی نێوانیان بەرەو کامڵبوون دەچێ، لەڕێگای دایەلۆگەوە، بەڵام لەشیعری درێژدا گرنگی بە فراوانکردنی پانتایی خەیاڵ دەدات لەدەوری ئەو مەدلولانەی کەدیاری کردون، درێژە بەو هەناسە شیعرانەی خۆی دەدات کە هەستە باڵاکانی شاعیری لەدەوری کۆکردۆتەوە.

شیعر باڵاترین جۆری هونەرە، شیعری دراماش، (بیلنسکی)* گوتەنی، باڵاترین جۆری شیعرە. سەرەکیترین سیمای شیعری درامی، یەکێتیی بابەتە، لە شیعری دراما‌دا ناکرێت مەلی خەیاڵی شاعیر لەسەر چڵی چەندان بابەت بنیشێتەوە.

میرزا لەقەسیدەی (عەشق)دا تیشک دەخاتە سەر دوو چەمکە تەواوکەرەکە لەئاشق و مەئشوق کە دوانەیەکن لەیەک ئەتموسفیری ئەشقدا دەسورێنەوە ،بەڵام مەئشوق غایبە لەم دەقە شیعرەی بەناوی عەشق. غیاب لە عەشقدا یەک ئاڕاستە وەردەگرێت، ئاڕاستەیەک کەئەوەی جێماوە دیاریدەکات، نەک ئەوەی کەڕۆیشتووە: جێناوی ئاخێوەر "قسەکەر"ی (من)ی هەمیشە حزور دروست نابێت هەتا نەکەوێتە بەرامبەر جێناوی بەربێژ "قسەبۆکراو"ی (تۆ)ی هەمیشە غیابەوە. قسەکردن دەربارەی ئەم غیابە لە بنەڕەتدا واتە ئەوەی کە شوێنی عاشق و شوێنی ئەویدی ناتوانرێت ئاڵوگۆڕ بکرێت؛ واتە ئەویدی: "بەو ڕادەیەی کە من خۆشمدەوێت خۆشیناوێم".، دوای گەڕان و پشکنینی زۆر بۆمان دەردەکەوێ کە مەشوقەکەی شاعیر غایبەو بەشوێنی دا وێڵە. بابزانین غایب بوونی مەئشوق دەتوانێت پاشهات و لێکەوتەی حزوری ئەویدی بێت: ئەوە ئەویدییە دەڕوات و منم کە بەجێدەمێنم. ئەویدی لە دورکەوتنەوەیەکی ئەبەدیدایە، ئیدی لێرەوەیە

بۆ لاپەڕە 15

سعاد الصباح

وەرگێرانی: حەسەن ڕازانی

سەرچاوە: لبنان الجديد

# دەڵێن

دەڵێن،

کە نووسین تاوانی گەورەیە

کەواتە مەنووسە!!

نوێژیش لەبەردەمی پیتەکان دا حەرامە

کەواتە نزیك مەبەرەوە!!

هەروەها مەرەکەبی قەسیدەکان زەهرە

نەچی بیخۆیتەوە!!

..................

دە ئەوەدتا من

زۆریشم خواردەوە

نەخۆشیش نەبووم بە مەرەکەبی سەرمێزەکەم!

دە ئەوەتا من

زۆریشم نووسی

ئاگرێکی گەورەم بەردایە هەرئەستێرەیەك

خوداش ڕۆژێك لێم تووڕە نەبوو!!

وە نە پێغەمبەریش لێم نیگەران بوو!!

-----------------------------

دەڵێن،

کە ئاخاوتن تەنها بۆ پیاوانە

کەواتە قسە مەکە!!

هەروەها موغازەلەش هونەری پیاوانە

کەواتە ئەویندارییش مەکە!!

هەروەها نووسین دەریایەکی قووڵە

کەواتە خۆتی تێدا نقووم مەکە

دە ئەوەتا من خۆشەویستیشم زۆرکرد!

دە ئەوەتا من مەلەشم زۆرکرد!

بەرەنگاری هەمووەدریایەکانیشم کردو نەش خنکام!

-----------------------------

دەڵێن:

کە من بە هۆنراوەکانم دیواری چاکخوازییم شکاند

هەروەها ئەوە پیاوانن کە شاعیرن

چۆن دەبێت شاعیرێکی ژن لە ناوهۆزدا لە دایك ببێت؟

وە من پێدەکەنم بەو هەموو گووتە هیچ وپووچانە

گاڵتە دەکەم بەوانەی کە دەیانەوێت لە سەردەمی جەنگی ئەستێرەکاندا

کۆرپەڵەی مێینە لە ناوببەن!!

پرسیاریش لە خۆم دەکەم؛

بۆ دەبێ گۆرانی گووتن بۆ نێر حەلاڵ بێت

وە دەنگی ژنان شوورەیی بێت بۆیان؟

-----------------------------

بۆچی،....بۆچی؟.....بۆچی؟

ئەو دیوارە خوڕافییە درووست دەکەن

لە نێوان کێڵگەکان و درەخت دا؟

وە لە نێوان هەورەکان و باران دا؟

وە لە نێوان ئاسکی نێر و مێ دا؟

کێ گوتوویەتی کە بۆ هۆنراوە ڕەگەز هەیە؟

وە بۆ پەخشان ڕەگەزهەیە؟

وە بۆ هزرڕەگەزهەیە؟

ئەدی کێ گوتوویەتی

کە سرووشت دەنگی باڵندە جوانەکانی ناوێت؟

-----------------------------

دەڵێن،

کە من کێلە مەرمەڕەکەی گۆڕی خۆم شکاندووە

ئەوەیان ڕاستە.

وە من شەمشەمە کوێرەکانی سەردەمی خۆم سەربڕیوون

ئەوەش ڕاستە.

وە من بە هۆنراوەکەم ڕەگی بوختانم هەڵکەندووە

وە سەردەمی تەنەکەم تێکشکاندووە

جا ئەگەربریندارییشیان کردم

ئەوە جوانترین شت کە لە بوون دا بێت، ئاسکێکی بریندارە

وە ئەگەر لە خاچیشیان دام ..هەر سوپاسیان دەکەم

کە منیان خستە ڕیزی مەسیحەوە

-----------------------------

دەڵێن،

کە مێینەیی لاوازییە

باشترین ژنیش بریتییە لە ژنێکی ڕازیبوو

ڕزگاربوونیش سەری تاوانەکانە

شیرینترین ژنیش ژنێکی کەنیزەیە

-----------------------------

دەڵێن،

ئەدیبە ژنەکان جۆرێکی غەریبن

لە گژوگیا....کە بیابان ڕەتی دەکاتەوە

وە ئەو ژنەی کە هۆنراوە دەنووسێت

هیچ نییە بێجگە لە گۆرانیبێژێك !!

پێکەنینم دێ بە هەمووئەوەی دەربارەم دەگووترێ

هزری سەردەمی تەنەکە ڕەت دەکەمەوە

لۆجیکی سەردەمی تەنەکەش....

بەردەوامیش دەبم لە گۆرانی گووتن لەسەرلوتکەی بەرزم

دەشزانم کە هەورەتریشقەکان تێپەڕدەبن

وە باهۆزەکانیش تێدەپەڕن

شەمشەمەکوێرەکانیش دەڕۆن

وە دەشزانم کە ئەوانە نامێنن

ئەوە منم کە دەمێنمەوە...

https://www.newlebanon.info/lebanon-now/205121

گۆشەی ئەدەب و هونەر

# زەردەخەنەیەك لە ئینجانەدا



زەردە خەنەیەك لەئینجانەدا

.................

تۆ یەك هەناسەی خۆتم
بۆ پۆستکە
بامنیش هەموو تەمەنی خۆمت
لەئینجانەیەکی ڕەشتاڵەدا
بۆ بڕوێنم و
بەباران بڵێم هەر کەبێرەدا ڕۆشتیت
سەرێك لەم ژوورەبەو
بێدەنگیەکی ئەم ماڵە ئاوڕشێنکەو
ئەم حەوشەیە پڕکەرەوە لەبانگی بەیانی و
یەکەم ڕۆژی جەژن

تکایە زەردەخەنەیەکی
خۆتم بۆ پۆستکەو
بەپۆستچیەکەش بڵێ نەیەڵیت
هیچ کەسێك ئەم زەرفە بکاتەوە
هەتا ڕوخسەت لەباران وەرنەگرێت

.................

میرزا



# قاعیدە لەبەرامبەر داعش دا: تێکۆشان و ململانێی هێزە جیهادییەکان لە (ئەفغانستان) ی تاڵیبان دا!

نووسینی: کۆڵ بەنزڵ

وەرگێڕانی: حەسەن ڕازانی

هاتنەوە سەر حوکمی تاڵیبان، بەو خێراییە، لە ئەفغانستان دا بووە هۆی دروووستکردنی ترس لەوەی که ئەو وڵاتە جاریکی تر دەبێتەوە بە پەناگەیەک بۆ میلیشیا ئیسلامییە توندڕەوەکان، کە دەیانەوێت کاری تیرۆر لەوڵاتانی تر ئەنجام بدەن. جا کە تەماشایەکی مێژووی تاڵیبان دەکەین لە وەخۆگرتنی ئەو جۆرە گرووپە توندڕەوانە، ئەو ترسە لە تاڵیبان وەڕاست دەگەڕێت. بەڵام ئەو دوو بزووتنەوەیە، کە قاعیدەو داعشن، لەناو ئەفغانستان دا لەسەر نفوز و دەسەڵات لە پێشبڕکێ دان. هەر دووکیشیان ڕووبەڕووی چەندین تەگەرەی گەورە دەبنەوە لەکاتی بەکارهێنانی ئەفغانستان وەک مینبەرو سەکۆیەک کە ببێتە پاڵپشتییەک بۆیان و تاکو لەوێوە شەپۆلێکی تازە لە کاری تیرۆریستی دەست پێبکەنەوە.

ئەو گرووپانە لەنێو خودی خۆیاندا بە شێوەیەکی زۆر خراپ دابەشبوون دەربارەی ئەوەی کە ئەفغانستانی ئێستای ژێر حوکمی تاڵیبان چ ڕۆڵێک دەگێڕێت لە جیهادی جیهانی دا. بەلای قاعیدەوە سەرکەوتنی تاڵیبان سەرکەوتنێکی گەورەیە و بەدیهاتنی بەڵێنی خودایە بە سەرخستنی باوەڕداران بەسەر بێباوەڕان دا. بەڵام بە لای داعشەوە بەهیچ شێوەیەک بەسەرکەوتن هەژمار ناکرێت، بەڵکو بەڵگەیەکی ترە لە ویستی تاڵیبان بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکادا.

خەلافەتی دواڕۆژ یان هاوپەیمانی ئەمریکیەکان؟

لە ساڵی ٢٠٠٣ وە کە داعش پەرەی سەندو خەلافەتیشی لە ساڵی دواییدا ڕاگەیاند لەو ناوچانەی بەدەستیەوە گرتن لە عێراق و سوریا. لەولاوە قاعیدە هەوڵی ئەوەی دەدا کە خۆی وا نیشان بدات کە لە دوو گرووپەکەی تر مۆدێرن ترو گونجاوترە. قاعیدە خۆی بەدوور دەگرت لە بەکافردانانی موسڵمانەکانی ترو زیاتریش گرنگی دەدا بە ڕای گشتی لە جیهانی ئیسلامیدا. هەروەها قاعیدە پەیوەندییەکانی، کە لە مێژبوو هەیبوون لەگەڵ تاڵیبان، قوڵتر کردنەوە. پەیوەندییەکانی ئەو دوو گرووپە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٦ کە تاڵیبان دەسەڵاتی لە ئەفغانستان بەدەستەوە گرت. ئەوەبوو کە تاڵیبان ڕێگای بە ئوسامە بن لادن دا کە لەوێ بمێنێتەوە لە ژێر پارێزگاریی تاڵیبان دا. ساڵی ٢٠٠١ بوو پێش ڕووداني ١١ی سێپتەمبەر کە بن لادن بە ئاشکرا سوێندی خواردو بەیعەتی دا بە تاڵیبان بە ڕابەرایەتی مەلا عومەر وە داواشی کرد لە هەموو قاعیدەو ئەندامەکانی کە لە ناو ئەفغانستان دا بوون کە وەکو ئەو بکەن.

قاعیدە لەژێر ڕابەرایەتی ئەیمەن ئەلزەواهیری، جێگری بن لادن، زۆرتر جەختی لە وەلاو دڵسۆزی بۆ تاڵیبان کردەوە. ئیمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان، کە ناوە فەرمیەکەی تاڵیبانە، لە پروپاگەندەکانی قاعیدەدا وەک ئەوجێگایە باسی لێوە دەکرێت کە خەلافەتی ئیسلامی تێدا پێشبینی دەکرێت. ڕابەری تاڵیبانیش کە فەرماندەی باوەڕدارەکانە، تایتڵێکە کە لەلایەن خەلیفەکانەوە بەکار هاتووە وەک فیگەرو کەسایەتیەکی نیمچە خەلیفە وێنا دەکرێت. ئەو گۆڕانکارییە کاتێک سەری وەدەرنا کە داعش لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دا خەلافەتی ڕاگەیاند و فەرمانیشی دەرکرد کە تەواوی گرووپە جیهادییەکانی تر کە قاعیدەش لە نێویاندا بوو هیچی تر یاسایی نین. وەڵامی قاعیدە، بۆ ئەو بڕیارەی داعش بریتیبوو لە پێدانی مانایەکی تازە بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ تاڵیبان و دەیان گوت کە تۆڕی قاعیدە لە پەیوەندی و پەیمانێکی نیمچە خەلافەتیدایە لەگەڵ تاڵیبان و لەژێر چاودێری و پارێزگاری ئیمارەتی ئەفغانستاندایە.

ڕێگایەک کە قاعیدە ئەمەی پێکردووە، جەختکردنیەتی لەسەر بەیعەتدان بە حاکمی تاڵیبان. بۆ نموونە قاعیدە لە هەواڵنامەیەکی ٢٠١٤ یدا تازەکردنەوەی بەیعەتی ڕاگەیاند بۆ ئەمیری باوەڕداران، موجاهیدی جیهاد، مەلا محمد عمر "خوا بیپارێزێت". دوپاتی دەکاتەوە کە قاعیدەو تەواوی لقەکانی لەهەموو شوێنەکان سەربازن لە سووپای ئەودا. لە هەمان کاتدا ئەلزەواهیری بەئاشکرا لە جیاتی هەموو تۆری قاعیدە بەیعەتی دایەوە بە هەردووک ڕابەرانی تاڵیبان کە لە دواییدا هاتن. لە ساڵی ٢٠١٥ دا بەیعتی دا بە مەلا ئەختەر مەنسور و لە ساڵی ٢٠١٦ دا بەیعەتی دا بە مەلا هەیبەتوڵا ئاخوندزادە. ئەلزەواهیری لەهەر پەیامێکیدا (ئیمارەتی ئیسلامی لە ئەفغانستان)ی وەک یەکەم ئیمارەتی شەرعی و درووست وێنا دەکرد کە لەدوای ڕوخانی خەلافەتی عوسمانی یەوە لە ساڵی ١٩٢٤ وە هاتبێ. بە هەمانشێوە گرووپەکانی وابەستە بە قاعیدەوە ڕابەری تاڵیبانیان وەک دەسەڵاتی باڵای خۆیان دەبینی. بۆ نموونە کاتێک کە لە ئازاری ٢٠١٧ دا ئەیاد ئاغالی، دژبەری مالی، پێکهێنانی لقێکی تازەی قاعیدەی لە ڕۆژئاوای ئەفریقا ڕاگەیاند، وەلای خۆی نەک هەر بۆ ئەلزەواهیری بەڵکو بۆ ئاخوند زادەش ڕاگەیاند.

سەرکەوتنی تاڵیبان لە ئەفغانستان بەلای قاعیدەوە سەرکەوتنێکە وەک نەبەردو داستان وایە، بەڵام بەلای داعشەوە هەرگیز بە سەرکەوتن دانانرێت.

ئەوەش هەمووی بە پێچەوانە دەردەکەوێت لەگەڵ دەقی ئەو ڕێکەوتنەی کە لە مانگی فێبروەری ٢٠٢٠ دا لە نێوانی تاڵیبان و ئەمریکادا بەسترا. لەو ڕێکەوتنەدا تاڵیبان بەڵێنیدا کە هاوکاریکردنی بۆ قاعیدە بوەستێنێ و لەگەڵ حکومەتی ئەفغانستانیش بچێتە ناو گفتوگۆی ئاشتییەوە. هەرچەندە تاڵیبان ڕازی نەبوو بە بڕینی پەیوەندی لەگەڵ قاعیدە، وەکو ئەوەی کە لە هەندێک جاراندا وێنای بۆ کراوە، بەڵام بەڵێنیدا کە ئیتر میوانداری نەکات لە قاعیدەو گرووپەکانی ئەمسالی قاعیدە. هەروەها تاڵیبان بەڵێنی ئەوەشی دا کە نەهێڵێت ئەفغانستان بەکاربهێنرێت بۆ هەڕەشە لە ئاسایشی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی.

ڕابەرایەتی باڵای قاعیدە، لەگەڵ ئەوەشدا، لەوە ناچێت کە بەو ڕێکەوتنامەیە نارەحەت بووبێت. ئەوەتا لە ئازاری ٢٠٢٠ دا ئەو گرووپە لە ڕاگەیەندراوێکیدا پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی تاڵیبان کرد کە ئەمریکا بەڵێنی چوونەدەرەوەی دا لە ئەفغانستان. لەو ڕاگەیاندنەدا قاعیدە پێشوازی لە ڕێکەوتنی دۆحە کرد کە بە نێوەندگیری قەتەڕ ئیمزا کرا و بەسەرکەوتنێکی مێژوویی ناوی هێناو بانگەوازیشی لەتەواوی موسڵمانانی جیهان کرد کە چاو لە تاڵیبان بکەن لە ڕووی ئیلتیزامییەوە بە جیهاد. قاعیدە لەو بانگەوازەیدا ئیمارەتی ئیسلامی ئەفغانستانی وەک ناوکی دەوڵەتی ئیسلامی، بە مانای دەوڵەتی خەلافەت، وێنا کرد کە بە پێی یاساو شەریعەتی خودا حوکم دەکا.

لە کاتێکدا کە قاعیدە پەیوەندی لەگەڵ تاڵیبان بەهێز دەکرد، داعش تۆمەتی بە لاڕێدا ڕۆییشتنی دەدایە پاڵ تاڵیبان. لە دیدی (داعش)ەوە تاڵیبان لایداوە لە ئیسلامی ڕاستەقینە بە تایبەتی لە دوای مردنی مەلا عومەر لە ساڵی ٢٠٠٣ وە ئەو لادانە ڕووی لە هەڵکشان کرد. داعش پێی وایە تاڵیبان لە دوای مەلا عومەر کەمتەرخەم بووە لە جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام. داعش دەڵێ: تاڵیبان ڕووەو نەتەوەچیەتی ملی ناوە، لێبوردەو نەرمە لەبەرامبەر کەمایەتی شیعە لە ئەفغانستاندا و هەروەها کاری لەسەر بەستنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی کوفر کردووە کە لە نێویاندا لەگەڵ قەتەری مورتەدو هەڵگەڕاوە لە ئیسلامە. داعش ڕەخنەی ئەوە لە تاڵیبان دەگرێت کە داواکاری داعشیان بە دامەزراندنەوەی خەلافەت ڕەتکردۆتەوە و هەروەها قاعیدە نەیهێشتووە هەوڵەکانی داعش سەربگرن بۆ درووست کردنی پارێزگایەک لەسەر خاکێک، وەکو کە پێی دەگوترێت خاکی خوراسان، کە ناوچەیەکی مێژووییەو تەواوی ئەفغانستانی ئێستاش لە خۆدەگرێت. ئیتر لەو ڕۆژەوەو بە بەردەوامی تاڵیبان لە شەڕدا بووە لەگەڵ ئەو ویلایەتەی داعش کە پێی دەگوترێت خوراسان و لە هەندێک جارانیشدا ئەمریکا بە شێوەیەکی کاریگەر هاوکاری هەوایی تاڵیبانی کردووە.

هەر لەدوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتننامەی ٢٠٢٠ی نێوان واشنتۆن و تاڵیبان، داعش ئەو ڕێکەوتنامەیەی بە بەڵگەیەکی تر لە ڕێ لادانی تاڵیبان وێنا کرد. بڵاوکراوەی فەرمی داعش ئیدانەی تاڵیبانی کرد کە ئەمریکای کردە هاوپەیمانی تازەی خۆی. هەروەها داعش لەڕێگەی قسەکەرەکەیەوە وتی کە ئەو ڕێکەوتننامەیە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو تاڵیبانی، کە هەمیشە بەیەکەوە لە پیلاندا بوون لە دژی داعش، فەرمی کردەوە. بەپێی قسەکانی ئەو وتەبێژەی داعش ئەو ڕێکەوتنامەیە تەنها پەردەیەک بووە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان میلیشیای تاڵیبانی مورتەد و هەڵگەڕاوە لە ئیسلام لەگەڵ خاچ پەرستان دا.

سەرکەوتنێکی کێشە لەسەر

دوای ئاهەنگی ڕێکەوتنی تاڵیبان لەگەڵ ئەمریکا، بۆ ماوەی نزیکەی ساڵ و نیوێک قاعیدە هیچ لێدوان و تەعلیقێکی لەسەر بارودۆخەکەی ئەفغانستان نەدا. تاڵیبان، بەپێی زانیارییەکانی وەکالەتی ئیستیخباڕاتی بەرگری، داوای لە قاعیدە کردووە کە چالاکیەکانی کەم بکاتەوەو پەیوەندییە درێژخایەنەکانی نێوان گرووپەکان دەرنەخا هەتا ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بە تەواوی لە ئەفغانستان دەچنەدەر. هەر بۆیەش کاتێ لە ٣١ی ئاب کە دواین سەربازی ئەمریکا لە کابوڵ هاتەدەر، قاعیدە هەستی بە ئازادی کردو چەند سەعاتێک دوای ئەوە بە فەرمی ڕاگەیاندنێکی پیرۆزبایی بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنە مێژووییەوە لە تاڵیبان و تەواوی کۆمەڵگەی ئیسلامی دەرکرد.

بەپێی ڕاگەیاندنەکە: "ئەنجامی ئەوەی کە ڕوویدا لە ئەفغانستان، سەلماندی کە ڕێبازی جیهاد، نەک سازش و ئاشتبوونەوە، باشترین میتۆد بوو بۆ مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتانی کافردا. بۆیە شکستی ئەمریکا کۆتایی هێنا بە سەردەمی لووتبەرزی ئەمریکیەکان و ئەوروپیەکان لە ویست و ئارەزوویان بۆ داگیرکردنی خاکی موسڵمانان بە ڕێگای سەربازی. هەرچەندە قاعیدە نەیگوت کە دوژمنە دوورەکەی کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەتی بە تەواوی شکستیان هێناوە، بەڵام پێناسەی قۆناغی داهاتووی کرد: "وەک قۆناغاکێک کە زۆرتر جەخت دەکرێتەوە لە بڵاوکردنەوەی جیهاد لە نێو وڵاتانی تر لە جیهانی ئیسلام دا. " پشتیوان بە خوا سەرکەوتنی تاڵیبان ڕێگاکە پاک دەکاتەوە بۆ برا موسڵمانەکانمان تا بتوانن خۆیان ڕزگارکەن لە دەستی حوکمی تاغوتیانەی وەڵاتەکانیان کە بە پێی دەستوورو شەریعەتی ئیسلام حوکم ناکەن. هەروەها ڕێگای ڕزگارکردنی موسڵمانانی فەلەستینیش ئاسانتر دەکات لە دەستی داگیرکاری زایۆنی".

لەلایەن لقە لۆکاڵیەکانی وابەستە بە قاعیدەوە بە هەمان شێوە هەستی خۆشی دەربڕا.. قاعیدە لە نیوە دورگەی عەڕەبی و لقەکانی یەمەنی وابەستە بە قاعیدە هەنگاوەکانی تاڵیبانیان لە سازش نەکردن و دەستگرتن بە سەوابتی ئایینی ئیسلام بەرز نرخاند. "سەرکەوتن لە ئەفغانستان دا جێی شانازییە و پەل دەهاوێت بۆ لادانی حوکمی چەوسێنەرو سەرکوتگەران و دەرپەڕاندنی غوزات و داگیرکەران لە وڵاتی موسڵماندا". حراس الدين کە لقێکی قاعیدەیە لە سوریا دەڵێت "سەرکەوتنی تاڵیبان نیشانی دا کە جیهاد تەنیا ڕێبازە بۆ گەییشتن بە سەرکەوتن و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات". لقەکانی وابەستە بە قاعیدەوە لە باکوری ئەفریقاو ساحل لە بەیانێکی هاوبەش دا، خۆڕاگری تاڵیبانیان بەرز نرخاند و لە ڕاگەیەندراوەکەدا دەڵێن کە: "تاڵیبان سەلماندیان کە ڕێبازی جیهاد تەنیا ڕێبازە بۆ جیهانی ئیسلامی کە لە ڕەزیلی و سەرشۆڕیی ڕزگاری ببێت و بگاتە ژیانێکی سەربەرزو پڕ لە شکۆ".

بەڵام بەلای داعشەوە ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە تاڵیبان سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لە ئەفغانستان دا جێی پێکەنینە. ئەوەی کە ڕوویدا لە دیدی داعشەوە: "بریتیبوو لەوەی کە...

ئەمریکا ئارەزوومەندانە دەسەڵاتی تەسلیم بە تاڵیبان کردو تاڵیبانیش بە فیعلی بوو بە بەکرێگیراوی ئەمریکا". هەر لەدوای گرتنی کابوڵ لەلایەن تاڵیبانەوە لە ١٥ی ئاب، هەواڵنامەی هەفتانەی داعش لە گرنگی ئەو سەرکەوتنە سەربازییەی تاڵیبانی، کە خەڵکی تووشی شۆک کردبوو، کەم کردەوە. لە هەواڵنامەکەدا داعش نووسیبووی:"شتێکی ئاساییەو ئەنجامی ئەو ڕێکەوتنەی نێوان ئەمریکاو تاڵیبانە کە لە ساڵی پێشوودا لە دۆحە ئەنجام دراوە". هەروەها داعش دەڵێت: "ئەمە هیچ نییە بێجگە لە گواستنەوەی دەسەڵات لە حاکمێکی بت پەرستەوە بۆ یەکێکی تری بت پەرست". داعش دەڵێ ئەمە گۆڕینی حاکمێکی بتپەرستی بێ ڕیشە بە یەکێکی تری ڕیشداری بت پەرست. تاڵیبان پەیمانی بە ئەمریکا داوە کە جارێکی تر ١١ی سێپتەمبەرێکی تر ڕوو نەدات و ئەمریکاش تاڵیبانی هێنایەوە سەر دەسەڵات و کابولیشی تەسلیم کردن بە بێ ئەوەی یەک فیشەکی تێدا بتەقێت.

## ئێستا تاڵیبان لە دیدی داعشەوە بووەتە بەکرێگیراوێکی ئەمریکا

هاوکارانی داعش لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان تەنانەت پێش بڵاوکراوەکەی داعش هەمان ڕەخنەیان لە تاڵیبان گرت. یەکێک لە کەسە دیارەکانی داعش تێبینی کردووە کە ئەمریکا سەرکەوتوو بووە لە تێکدان و خراپکردنی تاڵیبان لە ڕووی ئایینیەوە. "خودا دەفەرموێت ئەوان، ئەگەر بتوانن، شەڕ لەدژی ئێوە ناوەستێنن، هەتاکو لە دین وەرتان نەگێڕن" ( قورئان: ٢:٢١٧). وە توانیویشیانە کە تاڵیبان لە ئایینەکەی خۆیان وەرگێڕن. زۆر ڕوونە کە دیدو بۆچوونەکانی قاعیدەو داعش پێکەوە هەڵناکەن. جا لێرەدا یا تاڵیبان بەرەو نەرمی ڕۆیشتووە لە بەرامبەر ئەمریکاو بەرژەوەندییەکانی زۆرتر لەوەی کە قاعیدە هیوایەتی، یاخود تاڵیبان زۆرتر بەلای توندڕەویدا ملی ناوە لەوەی کە داعش دەیەوێت باوەڕی پێ بکات.

حەقیقەت ڕەنگە لە شوێنێکدا بێت لە ناوەڕاست. تاڵیبان وای پێباشە کە هەردووک لایەکەی هەبێت. لە لایەکەوە بەردەوامی بدات بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ قاعیدەو لە لاکەی تریشەوە بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێونەتەوەیی کە ئەوان حاکمی شەرعی ئەفغانستانن. بە شێوەیەکی گشتی، بەرنامەو ئەجیندای تاڵیبان، لانی کەم بۆ خۆیان ئەو ئیدیعایە دەکەن کە وەک هی قاعیدە نییەو ناچێتە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەیان و بەرژەوەندییەکانیان لە ناو ئەفغانستان دا دەست پێدەکەن و هەر لەوێشدا کۆتاییان دێت. لە هەمان کاتدا تاڵیبان لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ قاعیدە بەستووە. لەوبارەوە ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکرای کردووە کە قاعیدە نزیکەی ٥٠٠ کەسی لە ناو ئەفغانستاندا هەیەو بەسەر ١٥ پارێزگادا بڵاوی کردوونەتەوە. بەپێی ڕاپۆرتەکە قاعیدەو تاڵیبان لەسەر هەمان پەیوەندی دەمێننەوەو هیچ ئاماژەیەکیش نابینرێت کە بەرەو لێکترازان بڕۆن.

هەرچەندە هەندێک لە قسەکەرانی تاڵیبان ڕەتی دەکەنەوە کە هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان هەبێ لەگەڵ قاعیدە، هەتا یەکێکیان بوونی بەیعەتی هەر ڕەتکردەوە. تاڵیبان، وەکو تاڵیبان خۆی، زۆر سەرسەختانە هەرچەندە زۆریشی لەسەر کەوت بەڵام نەیویست ئیدانەی قاعیدە بکات. ئەو سەر ڕەقییەی تاڵیبان دەتوانرێت فاکتەرەکانی دیاری بکرێت. بۆ نموونە تاڵیبان و قاعیدە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ بەیەکەوە لەیەک سەنگەردا دژی ئەمریکا جەنگاون و لەو بارەشەوە پەیوەندیی خوێنیان گەشە پێداوە. هەروەک کە ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی پێداوە کە تاڵیبان و قاعیدە پەیوەندی ژن و ژنخوازی لە نێوانیان دا دروست بووە و هاوبەش و وەک یەکیش پێکەوە بوون لە خەبات دا. جا ئێستا ئەو پەیوەندییە زیاتر کۆنکرێتی و بەهێزتر بووە لەنێو نەوە و وەچەی دووەم دا. هۆیەکی تری لۆجیک و مەنتیقی کە ئەو پەیوەندییەی نێوان تاڵیبان و قاعیدە کۆتایی نایەت ئەوەیە کە ئیدانەکردنی قاعیدە دەبێتە هۆی گۆشەگیرکردن و لاتەریککردنی ئەو باڵ و خەتە توندڕەوەی نێو تاڵیبان کە سیراجودین هەقانی و تۆڕەکەی لەگەڵ قاعیدە دەگرێتەوە.

هەرچەندە پەیوەندییەکانی نێوان قاعیدەو تاڵیبان بەردەوامی هەیە، بەڵام تاڵیبان بەرژەوەندی زۆری لەوەدایە کە کۆنترۆڵی قاعیدە بکات. بە تایبەتی کە ئێستا تاڵیبان بەرەو ئەوە دەڕوات کە دانپێدانانی نێو دەوڵەتی بەدەست بێنێت.. بۆیە کارێکی شێتانە دەبێت بۆ تاڵیبان ئەگەر بێت و ڕێگا بە قاعیدە بدەن لەوێوە هێرش بکەنە سەر ڕۆژئاواو وڵاتانی موسڵمان!!. زەحمەت نییە کە پێشبینی سیناریۆیەک بکرێک کە تاڵیبان کۆمەکی دارایی و جێگاو ڕێگا بە قاعیدە بکات بۆ بەردەوامی بە کاروچالاکی و لە لایەکی تریشەوە نەیهێڵێت پەلامارو هێرشەکانی ئەنجام بدات. ئا لێرەدا جارێکیتر ئەفغانستان دەبێتەوە بە بنکەو شوێنی حەوانەوە کە تێیدا قاعیدەو ڕابەرەکانی و ئەندامەکانیان دەتوانن، یەکتر بگرنەوە، پارەو کۆمەک کۆبکەنەوە، پروپاگەندە بڵاوبکەنەوە و هەروەها ڕێنمایی بۆ تۆڕە گەورەکانی تری وابەستە بە قاعیدە بڵاوبکەنەوە. بەڵام ئەو شوێنە جێگایەک نابێت کە بتوانن هێرش و پەلامارەکانیان ئەنجام بدەن. دووەمین هەوڵی تاڵیبان بۆ حوکم کردنی ئەفغانستان بۆ ڕاگرتنی بالانسە لە نێوان دەستگرتن بە مەبدەئو پرەنسیبەکانی باڵی توندڕەوی تاڵیبان و دابینکردنی زەمانەتی مانەوەی تاڵیبان. پەیوەندییەکانی تاڵیبان لەگەڵ قاعیدە دەتوانرێت هەمان لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

## ڕێگایەکی دوور و درێژ بۆ هاتنەوە سەرخۆ

گرنگ نییە تاڵیبان چ کۆمەکێکی پێدەکات، هێشتا قاعیدە ڕێگایەکی درێژی لەبەردەمە لە ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوە پەرش و بڵاوەکەی. گرفتەکە لەسەرێوە دەست پێدەکات، چونکە ڕابەری سەرەکی ئەو ڕێکخراوە لەم ساڵانەی دواییدا لە ناوبرا. لە ٢٠ی ئابی ٢٠٢٠ یشدا ئەبو محمد ئەلمیسری، دووەمین ڕابەری قاعیدە، لەناو شەقامەکانی تاران دا درایە بەردەسرێژی گوللە و کوژرا. هەر دوای دوو مانگی تر حسام ئەبو ئەلڕەوف، بەرپرسێکی باڵای تری قاعیدە، لە ئەفغانستان دا کوژرا. ژمارەیەکی بەرچاویش لە ڕابەرو بەرپرسی دیاری قاعیدە بەرەو سوریا ڕۆیشتن بە مەبەستی دۆزینەوەی جێگایەکی تری باش کە تێیدا سەلامەت بن. بەڵام لە سوریاشدا کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری درۆنەکانی ئەمریکاو هەر جارەو یەکێکیان لێ دەکوژرا. تا وای لێ هات یەکێک لە شارەزاو ئایدیۆلۆجیستەکەیان بڵێت: "سوریا بۆ ئێمە بۆتە شوێنێک کە تێیدا ڕاومان دەکەن".

ئەوەی کە گرفتەکەی ئاڵۆزتر کردووە ئەوەیە کە ڕابەری ئایینی قاعیدە کە لە حەفتاکاندایە و دەنگ و باس بڵاوبووەتەوە کە نەخۆشە. بەڵام کتێبێک و ڤیدیۆیەک کە لەلایەن ڕابەری قاعیدەوە دەرچوو ئەو هەواڵەی بەدرۆخستەوە کە ساڵی ڕابردوو باسیان لە مردنی زەواهیری دەکرد. بۆیە ڕوون نییە هەتا چەندی دیکە دەژی. سەیف ئەلعادل کە تەمەنی ٦١ ساڵەو جێگرەوەی زەواهیرییە بۆ ماوەی دوو دەیە دەبێت لە ئێران دا دەژی. وا دیارە کە حکومەتی ئێران ئەو ڕابەرەی قاعیدەو چەندینی دیکەش دەحەوێنێتەوە و هەندێک ئازادی پێداون لەناو خۆدی ئێراندا هاتوچۆ بکەن، بەڵام ڕێگەیان پێنادات وڵات بەجێبهێڵن. ئەو کارەی ئێرانیش بەمەبەستی بەکارهێنانیانە لەکاتی پێویستدا. بەڵام نیشتەجێبوونیان لە ئێران گرفتی گەورە بۆ قاعیدە دەخولقێنێت، چونکە ڕێکخستنی قاعیدە پێی وایە ئێرانی شیعە مەزهەب دۆستیان نییەو دۆژمنی قاعیدەیەو بۆیە نیشتەجێبوونی ڕابەرەکانیان لە ئێران کارێکی باش نییە. جا ئەگەر عادل هەوڵی ئەوەی دا کە ڕێبەرایەتی قاعیدە لە ئێرانەوە بەدەستەوە بگرێت لەوانەیە تووشی ڕووبەڕووبوونەوە ببێت لەگەڵ هەندێک باڵی توندڕەوی نێو قاعیدە. ئەو ڕابەرانەی قاعیدە کە ئێستا لە ئێرانن لەوانەیە بیر لە ڕۆیشتن بۆ ئەفغانستان بکەنەوە، بەڵام ڕوون نییە ئاخۆ ئێران ڕێگەیان پێدەدا ئەو کارە بکەن یان نا.

گرفتێکی تر ئەوەیە کە ڕابەرایەتی قاعیدە هێزو توانای فەرمان و کۆنترۆڵی بەسەر دەستەو گرووپەکانی وابەستە بە خۆیەوە نییە. قاعیدە ئەمڕۆ بریتیە لە تۆڕێکی گەورەو نامەرکەزییانە کاردەکات، دەستەو لقەکانی وابەستە بەخۆی لە باکوری ئەفریقاوە تاکو باشووری ئاسیا بە ڕاستەوخۆیی لەلایەن بەرپرسە باڵاکانی ڕابەرایەتی قاعیدەوە کۆنترۆڵ ناکرێت. هەندێک لە شرۆڤەکاران پێیان وایە ئەو نا مەرکەزیەی قاعیدە نیشانەی بەهێزییەتی، بەڵام بە بێ بوونی ناوەندێکی بەهێزو بەتوانا تۆڕی قاعیدە دەکەوێتە بەرمەترسی دابەشبوون و لەبەریەک هەڵوەشان. بۆ نموونە لە ٢٠١٣ قاعیدە نەیتوانی ڕێ بگرێت لەدەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق کە لقێکی وابەستە بەخۆی بوو لە جیابوونەوەو لە دواییشدا داعش دروست بکات و هێزی سەربازیش درووسست بکات. هەروەک لە ٢٠١٦ قاعیدە نەیتوانی ڕێ لە جەبهەت ئەلنوسرە بگرێت، کە لقێکی وابەستە بەخۆی بوو، کە پێڕەکەی ئەوان بەجێ نەهێڵێت.

لەناو دڵی ئەو گرفتەی کە قاعیدە تووشی دەبێت بریتییە لە جیاوازی ستراتیج کە لە نێوان ڕابەرایەتی سەرەکی قاعیدە و گرووپەکانی وابەستە پێی دا هەیە. هەرچەندە ڕابەرایەتی قاعیدە هەر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەبێ جەنگی دوژمنی دوور بکرێت کە مەبەستی ئەمریکاو ڕۆژئاوایە، بەڵام گرووپەکانی وابەستە بە قاعیدە چالاکییەکانیان تەنها لۆکاڵی دەبێت و هێزو توانای خۆیان سەرف ناکەن بە جەنگان لە دژی دوژمنی دوور کە مەبەستیان ئەمریکاو ڕۆژئاوایە.

دەبێ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ئاگایان لە خۆبێت و وریا بن، نەکا یەکێک یان هەردووک گروپەکە، واتە داعش و قاعیدە، بەهێزەوە بێنەوە مەیدان.

جا سەیرەکە لێرەدایە کە ویلایەتی خوراسانی داعش کە بۆی هەیە دوژمنی تاڵیبان بێت و هەر لە سۆنگەی حوکمی تاڵیبانیشەوە زۆرترین سودی پێدەگات. داعش لە ئەفغانستاندا لەوانەیە تێدا بچێت و دیارنەمێنێت، چونکە زۆر زەربەی خواردووە، بەڵام داعش بەوە ناسراوە کە ستراتیجێکی زۆر باش و تۆکمەی هەیە کە توانای ئەوەی هەیە لەو واقیعەی کە ئێستا هاتۆتە کایەوە وەبەرهێنانی تێدا بکات. بۆ نموونە داعش دەتوانێت خۆی وەک باڵی توندڕە و وێنا بکات و تاڵیبانیش وەک لایەنێکی مۆدێرن و خۆبەدەستەوەدەر بناسێنێت لەنێو موسڵمانان دا. ئەوەتا داعش لە هەواڵنامەیەکی دا دەڵێت: تاڵیبان بەرژەوەندی و جاسووس و سیخوڕەکانی خاچپەرستان دەپارێزن لەناو فرۆکەخانەی کابول دا.

هەروەها داعش سوود دەبینێت لە چونەدەری ئەمریکا لە ئەفغانستان، چونکە هێزی هەوایی ئەمریکا نەی دەهێشت داعش هیچ دەسکەوتێک لەناو ئەفغانستان دا بەدەست بێنێت. هەواداران و هاوکارانی داعش لە سۆشیال میدیا لێکدانەکانیان ئاوا بوو یاخود بارودۆخەکەیان ئاوا دەبینی. هەروەک یەکێک لە هاوکارانی داعش بە شانازییەوە دەڵێت: سەربازانی خەلافەت لە خوراسان ئێستا لە باشترین بارودۆخ دان، چونکە هیچیتر سوپای ئەفغانی نەماوە و تەواوی دامەزراوە حکومییە بتپەرستەکان و زوربەی سەربازەکانیان و سەرکردەکانیان شکان و ئەفغانستانیان بەجێهێشت. هەروەها هیچیتر بنکەکانی ئەمریکا نەماون لە ئەفغانستان تا هاوکاری سوپای ئەفغان بکەن و لە بنکەکانیشەوە هێرش بکەنە سەر موجاهیدەکانمان. ئێستا تەنها تاڵیبانە مورتەدەکان ماون و ئەوانئیش بێ شک کۆتاییان پێدێت و چاوەڕێی دواڕۆژی خۆیانن جا یان بە گوللەیەک کە سەریان دەپێکێت یان بە چەقۆیەک کە ملیان دەپەڕێنێت..

هەرچەندە لەوانەیە داعش سوود ببینێت لە کەم بوونەوەی فشاری سەربازی لە ئەفغانستان دا، بەڵام ئەو گرووپە خەڵکی زۆر بەدوو ناکەوێت. بەشێکی لەبەرئەوەیە کە داعش وابەستەیە بە سەلەفیەتەوە کە ئیسلامی سوننی ڕاستەقینەیەو لە نێو ئەفغانستانیشدا کەمایەتییە، چونکە مەزهەبی حەنەفی تێیدا بڵاوەو ڕێبازی ئایینی ماتریدیدا تێیدا زاڵە. زوربەی ئەو جێگایانەی کە داعش وەک ناوچەی خۆی لێیان دەڕوانێت، ئەو شوێنانەن کە سەلەفیزم بە شێوەیەکی نائاسایی خەڵکی لێ کۆبۆتەوە. لەوانەشە داعش هەندێک لە توندڕەوەکان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە لە پاێزگاکانی وەک کونارو نەنگارهار، بەڵام سەخت دەبێ کە بتوانێت زیاتر بۆ شوێنەکانی ترپەل هەڵباوێت.

داعش و قاعیدە هەر دوولایان ڕووبەڕووی دژواری و زەحمەتی جیدی دەبنەوە لەکاتی هەوڵدانیان بۆ خۆسازدانەوەی خۆیان لە ئەفغانستان دا. گەڕانەوەی تاڵیبان باشترین هەل و فرسەتە بەلای قاعیدەوە، لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، بۆ خۆپێکهێنانەوەو خۆ ڕێکخستنەوە، بەڵام لە مەوقیعێکی ئەوەندە باشدا نییە کە بتوانێت بە باشی ئەو هەلە بقۆزێتەوە. جا داعش لەمەودوا ڕۆڵێکی تێکدەرانە دەبینێت. بەڵام بۆ داعش زۆر سەخت دەبێ کە بتوانێت پشتیوانی ناوخۆیی بەدەست بێنێت و بتوانێت لە ڕووی هێزی مرۆیی و سەرچاوەوە خۆی بگەیەنێتە تاڵیبان. لە هەمان کاتیشدا ئەمریکا بەردەوام دەبێ لە لاوازکردنی هەردووک گرووپی داعش و قاعیدە لە ڕێگەی لێدانیان بە دڕۆن. جا ئەمریکا لە لێدانی داعشدا ڕەنگە بە هاوکاری تاڵیبانیش ئەو کارە ئەنجام بدات. بەڵام هیچ کام لەمانە بۆ کەم کردنەوەی ئەو هەڕەشانە نییە کە ئەو دوو گرووپە جیهادییە لەسەر ئەفغانستان و جیهان و هاوسێکانیان دەیان بێت. بۆیە دەبێ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی وریاو بەئاگابن لە ترسی گەڕانەوەی داعش و قاعیدە، یان لانی کەم یەکێکیان بۆ دەسەڵات. بەڵام جیهادییەکان چەندە سەرکەوتوو دەبن لە بەکارهێنانی ئەفغانستاندا شتێکە کە هەمیشە ڕوون و دیار دەبێت. جا بۆیە سەرکەوتنی ئەوانەش بە هیچ شێوەیەک جێی لەبیرکردن نییە.

**تێبینی: کۆڵ بەنزڵ لە پەیمانگای هۆڤەرە لە زانکۆی ستانفۆرد و هەروەها خاوەنی بلۆگی (جیهادیکە)یە**

**https://www.foreignaffairs.com/articles/afghanistan/2021-09-14/al-qaeda-versus-**

**سەرچاوە: فۆرین ئەفێرس**



## پشدەر بابەکر: زۆرینەی خەڵك پێی وایە گۆڕانکاری لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەدی نایەت، بۆیە زۆرینەی هاوڵاتیان بایکۆتی دەنگدانیان کرد

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز پشدەر بابەکر چاودێری سیاسی سەبارەت بەعێراق و کوردستان دوای هەڵبژاردنەکان...

**بۆپێشەوە: بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا بەرێژەی لە ٢٠% واتە ٨٠% لەسەدی خەڵکی عێراق، هەڵبژاردنیان رەتکردۆتەوە، ئایا هەڵبژاردنێکی ئاوا هیچ شەرعیەتیکی قانوونی هەیە؟ ئەو ئەندام پەرلەمانانە نوێنەری لەسەدا بیستی خەڵکن، لەبەرامبەر بە رەتکردنەوەی هەشتا لەسەدا، ئەمە چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟**

**پشدەر بابەکر:** پێموایە گەلانی عێراق

## گەلانی عێراق تێگەیشتوون لەوەی ئەم سیستمە حوکمڕانیەی ئێستا هەیە ناتوانێت چارەسەری کێشەکانیان بکات

تێگەیشتوون لەوەی ئەم سیستمە حوکمڕانیەی ئێستا هەیە ناتوانێت چارەسەری کێشەکانیان بکات، ئەوەی لە عێراق لەچەند ساڵی رابردوودا ڕویدا جگە لە کارەسات و تالانکاری شتێکی ئەوتۆی بۆ عێراقیەکان تێدا نەبووە. رێژەی هەژاری و بێکاری رۆژ لە دوای رۆژ زیاد دەبێت، کۆمپانیاکانی حزب و بەرپرسانیش دەوڵەمەندتر دەبن، لە عێراق حزبەکان چەک و پارە و راگەیاندنیان هەیە و کوشتن و بڕینیان بە دەستە، زۆرینەیەکی هەژار و کەمینەیەکی سەردەستی دەوڵەمەند وایکردووە خەڵک بڕوای بە پرۆسەی سیاسی نەمێنێت، جگە لەوەش زۆرینەی خەڵک پێی وایە گۆرانکاری لەرێگەی هەڵبژاردنەوە بەدی نایەت، بۆیە زۆرینەی هاوڵاتیان بایکۆتی دەنگدانیان کرد. لە دوای روخاندنی رژێمی سەدام تەنها داهاتی نەوتی عێراق زیاتر لە یەک تریلیۆن و ٢٠٠ ملیار دۆلار بووە، بەڵام ئەو پارەیە کاریگەری نەکردۆتەوە سەر باشکردنی بژێوی ژیانی خەڵک.

ئەوەی ڕوونە ئەم هەڵبژاردنە شەرعیەتی ئەم دەسەڵاتە و سیستمەی زۆر لاواز کردووە، پێم وایە قۆناغی خەباتی داهاتووی هێزە مەدەنیەکان گرنگ و چارەنوسسازە بۆ دروستکردنی گۆرانکاری ڕیشەیی.

**بۆپێشەوە: پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دوای هەڵبژاردنەکان چۆن دەبینن؟**

**پشدەر بابەکر:** پێکهێنانی حکومەتی عێراق پێویستی بە رێککەوتنی ئەمریکا و ئێران هەیە، هەر لایەکیان دەتوانێت کێشە بۆ لایەنەکەی تر دروست بکات، بۆیە پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی حکومەت ئاسان نابێت. ئەمریکا و ئێران ناتوانن رەچاوی پێگەی یەکتر نەکەن لەناو خاکی عێراق، هەموو دەستتێوەردانەکانیش لەسەر حسابی گەلانی عێراقە. دوا کەس کە مافی قسەکردنی دەبێت لەسەر پێکهێنانی حکومەت هێزە بەناو براوەکانی هەڵبژاردنن.

**بۆپێشەوە: پێگەی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چۆن دەبێت، ئایا لاتان وایە دەتوانن پۆست و جێگا و رێگای پێشوویان بەدەست بهێننەوە؟**

**پشدەر بابەکر:** لە راستیدا ئەوە پێگەی

## یەکێتی و پارتی نارەحەتی و قوربانیدانی گەلی کوردیان بەکارهێنا بۆ کۆکردنەوەی ملیاران دۆلار ...

هەرێمی کوردستان نییە و پێگەی یەکێتی و پارتی و کۆمپانیاکانیانە، یەکێتی و پارتی نارەحەتی و قوربانیدانی گەلی کوردیان بەکارهێنا بۆ کۆکردنەوەی ملیاران دۆلار، بەشێکی ئەو پارەیەش لەمیانی بەشداریکردنیان لە کابینە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقەوە دەستکەوتووە، بە پێچەوانەوە لە ٢٠٠٣ وە تا ئەمرۆ کە یەکێتی و پارتی لە عێراق بەشدارن و بۆ ماوەیەکی زۆر پۆستی گەورەی وەک سەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و چەندین پۆستی باڵایان هەبووە! بەڵام یەک کێشەی کوردیان چارەسەر نەکردووە، بە پێچەوانەوە کێشەی نوێیان بۆ کورد لە عێراق دروستکردووە وەک کێشەی موچە و بودجە، لە راستیدا چارەسەر نەکردنی کێشەکانی کورد لە بەرژەوەندی یەکێتی و پارتیدایە بۆ ئەوەی بە بەردەوامی بازرگانی پێوە بکەن.

**بۆپێشەوە: حکومەتی داهاتووی عێراق، وەکو حکومەتەکانی پێش خۆی لە ژێرکاریگەری دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکەدا پێک دێت، یان دەتوانێت لانی کەمی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت؟**

**پشدەر بابەکر:** بەداخەوە زۆرینەی هێزە عێراقیەکان پەیوەندی ژێر بەژێر و ناشەرعیان لەگەڵ وڵاتانی دەرەکی هەیە، تەنانەت بەشێکیان پێیان وایە ئەگەر ئەو پەیوەندیەیان نەمێنێت ئەوە کاریگەریان لەعێراق کۆتایی دێت، ئەمەش وادەکات دەستێوەردانی وڵاتان لەپرۆسەی سیاسی و لەناویشیاندا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بەردەوام بێت. هەندێک لە هێزەکان بەتەواوەتی وابەستەی سیاسەتی وڵاتانی دراوسێ و جیهانن هیچ سیما و تایبەتمەندیەکی عێراقیان تێدا بەدی ناکرێت. بەشێک لە هێزەکان بەشێوەیەکی مەترسیدار ئەجێندای وڵاتانی دراوسێ جێبەجێ دەکەن و پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانیان دەکەن.

**بۆپێشەوە: چەندین خۆپێشاندان بەدژی ئاکامی هەڵبژاردنەکان لە بەشێک لە شارەکانی عێراق دەستی پێکرد، ئەم خۆپێشاندانانە تا چەندە کاریگەری لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەبێت؟**

**پشدەر بابەکر:** پێم وایە خۆپیشاندانەکان کاریگەریەکی ئەوتۆیان نابێت، ئەوەی هەیە وا دەردەکەوێت رێککەوتنێکی پێشوەختە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و قبوڵکردنی هەبێت، پێم وایە خۆپیشاندانەکانی پێشوو بەلارێدا بران و لە داواکارییە راستەقینەکانیان دوورخرانەوە، لەبەرژەوەندی چەند لایەنێک دژی چەند لایەنێک بەکارهێندران، لە کاتێکدا داواکاری خەڵک ڕوون و رەوان بوو دژی کۆی سیستمی حوکمرانی بوو، دژی دەسەڵاتی میلیشیایی بوو، دژی قۆرغکاری بوو دژی ئەوەبوو کە حزبەکانی عێراق خەریک بوو ببنە ئیمپراتۆری کوشتن و بڕین و میدیا و سەرانە، دژی ئەوە بوو کە ژیانی سیاسی و پەرلەمانتار و وەزیرەکان جیاوازیەکی گەورەی هەبوو لەگەڵ ژیانی خەڵکی هەژار، بەڵام بەداخەوە ئەو ئامانجانە بەدی نەهاتن و چەند دەموچاوێک گۆردران و سیستمەکە مایەوە، دەبێت داواکاری خەڵک بۆ گۆرینی کۆی سیستمەکە و ژیانێکی باشتر بێت.

سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندانی خۆرسک ئاسان نییە. بەڵام هێزە براوە و دۆراوەکان دەتوانن ئەندامەکانیان لەدژی یەکتر بهێننە سەر شەقام.

> **ئەوەی لە عێراق لەچەند ساڵی رابردوودا ڕویدا جگە لە کارەسات و تاڵانکاری شتێکی ئەوتۆی بۆ عێراقیەکان تێدا نەبووە. ڕێژەی هەژاری و بێکاری رۆژ لە دوای رۆژ زیاد دەبێت، کۆمپانیاکانی حزب و بەرپرسانیش دەوڵەمەندتر دەبن، لە عێراق حزبەکان چەك و پارە و راگەیاندنیان هەیە و کوشتن و برینیان بە دەستە، زۆرینەیەکی هەژار و کەمینەیەکی سەردەستی دەوڵەمەند وایکردووە خەڵك بڕوای بە پرۆسەی سیاسی نەمێنێت ...**

# مەریوان زەندی: هەڵبژاردنی پێشوەختە دەرئەنجامی هاتنە سەرشەقام و سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی جەماوەر بوو دژ بە حکومەت لە بەغداو حکومەتە خۆجێییەکان لە شارەکانی تری باشورو ناوەڕاستی عیراق لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز مەریوان زەندی چالاکوانی سیاسی و ئەندامی ئەنجومەنی باڵای پێشمەرگە دێرینەکان سەبارەت بە عێراق و کوردستان دوای هەڵبژاردنەکان...

**بۆپێشەوە: هەڵبژاردنی پێشوەختەی عیراق بەڕێوەچوو، دەوترێت تەنها لە 20%ی خەلک بەشداری کردووە هۆکاری سەرەکی بەشداری نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانەکان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**مەریوان زەندی:** هەڵبژاردنی پێشوەختە دەرئەنجامی هاتنە سەرشەقام و سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی جەماوەر بوو دژ بە حکومەت لە بەغداو حکومەتە خۆجێییەکان لە شارەکانی تری باشورو ناوەڕاستی عیراق لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩. بۆیە هەر لەو چوارچێوەیە توندوتیژی دژ بە ناڕەزایەتییەکان لەسەر دەستی میلیشیاکان و هێزە ئەمنییەکان بەرزبوەوە، دواتریش لەگەڵ کەمبوونەوەی خۆپیشاندانەکان ئەو هێزانە زۆر دڕندانە لێرەو لەوێ دەستیان کرد بە تیرۆرو کوشتنی چالاکوانان. شایانی باسە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران خۆی لە چاککردنی سیستەمی سیاسی، پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی لەکەسێکی بێلایەن، پێکهێنانی کۆمسیۆنێکی بێلایەن بۆ هەڵبژاردن، جێبەجێکردنی یاسای پارتە سیاسییەکان بەشیوەیەکی کاریگەر بۆ زانینی سەرچاوەی داهاتیان و نەبوونی هێزی چەکدار دەبینیەوە. هەر بۆیە بزووتنەوەی بایکۆت دوای بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختە، دژی سیستمی پشک پشکێنە و خراپی سیستمی سیاسی، بەشداری نەکردنی خەڵک لەهەڵبژاردنی ئەمجارەی عێراق ئەو دەنگە راستەقینانەو ناڕەزایەتییە جەماورییە بوو، دژ بە خراپی سیستەمی سیاسی، ساختەکاری، و ئەو بەڵێنە درۆیینە و ناواقعیانەی لە ماوەی خولەکانی تر بە خەڵک دەدران، بەڵام بە پێچەوانەوە رۆژ لەدوای رۆژ گەندەڵی و دەسەڵاتی میلشییایی و بەشبەشێنەو بێمتمانەیی و بێهیوایی لەناو هێزەسیاسییەکان روو لەزیاد بوونە. خەڵک دوای چەندین خوولی هەڵبژاردن خەونەکانیان بۆ حوکمڕانی ژیرانە، ژیانێکی شایستە، کارو نان و ئازادی لەگۆڕدەنرێت . بەشداری نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردن بەو رێژە بەرچاوە بێئومێدی خەڵک دەگەیەنێت لە سیستەمی سیاسی و گۆڕینی ئەو بارودۆخە لە رێگەی دەنگدان، بۆیە ئەو رێژەییەی بەشداری نەکردنی خەڵک کە زیاتر لە (٧٥٪)ی دەنگدەران دەگرێتەوە، پێوستە لەلایەن هێزە چەپ و دیموکراسیخوازەکان بۆ باشکردنی ژیان و گوزەران و گۆڕینی سیستەمی سیاسی بقۆزێتەوە.

**بۆپێشەوە: بەشداری حزبەکانی کوردستان لە حکومەت و پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا، چ دەستکەوتێکی بۆ خەڵکی کوردستان دەبێت؟**

**مەریوان زەندی:** لەگەڵ هاتنە پێشەوەی هەر خولێکی هەڵبژاردن چەند پرسێک هەن لەلایەن حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان وەک بنێشتە خۆشە دێنەوە گۆڕێ، لە نموونەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠، ئاسایی کردنەوەی کەرکوک و ناوچە کێشەلەسەرەکان، زامنی شایستە دارییەکانی

### خەڵك دوای چەندین خوولی هەڵبژاردن خەونەکانیان بۆ حوکمڕانی ژیرانە، ژیانێکی شایستە، کارو نان و ئازادی لەگۆڕدەنرێت ...

خەڵکی کوردستان...هتد، بەڵام بەداخەوە ئەو پڕوپاگەندانە تەنیا بۆ راکێشانی سۆزی خەڵکەو لەگەڵ کۆتایی هەڵبژاردنەکان و وەرگرتنی پۆستەکان لەبەغدا ئەو پرسانەش بێدەنگەی لێدەکرێ و هەڵدەگیرێ بۆ خولێکی ترو هەڵبژاردنێکی تر. بەداخەوە ئەوەی لەچەند ساڵی رابردوو بینیومانە هەموو مافەکانی خەڵکی کوردستان خۆی لەوە بینیوەتەوە ئایا بڕە پارەیەک بۆ مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان دێت یان نا؟ ئەگەر حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بە هەمان سیاسەتی خولەکانی

### بەشداری نەکردنی خەڵك لە هەڵبژاردن بەو رێژە بەرچاوە بێئومێدی خەڵك دەگەیەنێت لە سیستەمی سیاسی و گۆڕینی ئەو بارودۆخە لە رێگەی دەنگدان، بۆیە ئەو رێژەییەی بەشداری نەکردنی خەڵك کە زیاتر لە (٧٥٪)ی دەنگدەران دەگرێتەوە، پێوستە لەلایەن هێزە چەپ و دیموکراسیخوازەکان بۆ باشکردنی ژیان و گوزەران و گۆڕینی سیستەمی سیاسی بقۆزێتەوە ...

رابردوو بەشداری لە پەرلەمان و حکومەتی بەغدا بکەن، ئەوا روون و ئاشکرایە کە هیچ دەستکەوتێکی ئەوتۆ بۆ خەڵکی کوردستان بەدەست ناهێنن، چونکە لە رابردوودا هێندەی حزبەکان لە غەمی بەدەستهێنانی پۆست و دەستکەوتی حزبی دابوونە، بە بارتەقای ئەوە کاریان بۆ بەدەستهێنانی ماف و دەستکەوت بۆ خەڵکی کوردستان نەکردووە. لە ئێستاشدا ئەگەر ئەو حزبانە پشت بکەنە دەستکەوتە حزبیەکانیان (کەئەوەیان لەمەرگیان نزیک دەخاتەوە) ئەوا دەتوانن داکۆکیکەری سەرسەختی مافە دەستووری و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان بن، بۆیە لەسەر هەموو ئەو حزبانەی کە متمانەی خەڵکیان لە هەڵبژاردنی ١٠ی ئۆکتۆبەر بەدەستهێناوە، سەرەڕای بایکۆت کە خۆی زیاتر لە ٦٠-٧٠٪ خەڵکی کوردستان دەبینێتەوە. بەڵام ئایا ئەو حزبانە بۆ جارێکیش بێت غەم و مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکەنە بەرنامەو کارنامەی کارکردنیان لە عێراق؟

**بۆپێشەوە: دەڵێن ئامانج لە هەڵبژاردنی پێش وەختە بۆ خامۆشکردنەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٩ بوو، وە لەژێر کاریگەری ئەو خۆپێشاندانانەدا حکومەت هەڵوەشایەوەو هەڵبژاردنی پێش وەختە کرا، ئایا حکومەت و پەرلەمانی داهاتوو دەتوانێت بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری پاشەکشە پێبکات؟**

**مەریوان زەندی:** بزووتنەوەی ناڕەزایەتییەکان کە بەبزووتنەوەی ئۆکتۆبەر یان (تشرین) ناسرا، کاردانەوەو ناڕەزایەتی جەماوەر بوو لە بەغدا و شارەکانی دیکەی خوارو ناوەڕاستی عێراق دژ بە گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری و پشکپشکێنەی حزبی و سیاسی و مەزهەبی لە جومگەکانی دەسەڵات لە بەغدا، بۆیە تا ئەوانە سیمای حوکمڕانی بن لە عێراق بزوتنەوەی بایکۆت و ناڕەزایەتی خەڵک نەک هەر دانامرکێتەوە، بگرە بە گڕوتینێکی زیاتریش دێتەوە مەیدان.

**بۆپێشەوە: هەڵبژاردنی پێش وەختەی عێراق، تا چەندە دەتوانێت بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بۆ نان و خزمەتگوزارییەکان و هەلی کار...تاد، پاشەکشە پێبکات؟**

**مەریوان زەندی:** یەکێک لە درووشمە سەرەکیەکانی بزووتنەوەی جەماوەری بریتی بوو لە دابینکردنی نان و کارو ئازادی، ئەویش بەوەی ساڵانێکە لە عێراقی دەوڵەمەند بەو هەموو سەرەوت و سامانەی سەر زەوی و ژێرزەوی، کەچی نەک هەلی کار بۆ دانیشتوانی وەک پێویست نەڕەخساوە، بگرە عێراق لەو ساڵانەی دوایی لە ریزبەندی ئەو ولاتانەیە کە رێژەی بێکاری تیایدا لە پلەی هەرە بەرزیدایە، ئەمە وێڕای بوونی گەندەڵی زۆر و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی ئەو وڵاتە. کە ئەوەشیان عیراقی بردۆتە یەکێک لە وڵاتە گەندەڵە لەپێشەکانی جیهان. لە عێراقدا لەگەڵ سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان، بزوتنەوەیەکی ناڕەزایی جەماوەری سەریهەڵدا، کە وەک دەرکەوت ئەو بزووتنەوەیە لەهەڵبژاردنەکان بە بایکۆت وەلامێکی دەمشکێنی هێزو لایەنەکانی دایەوە، بۆیە بۆ لەمەودوا ئاسان نابێت دەسەلات لەوە زیاتر کۆمەڵگەی عیراقی بەرەو کۆمەڵگەیەکی بێ کار ببات، ئەگەر لە چەند ساڵی رابردوو دەسەڵاتدارانی عێراق بابەتی شەڕی تیرۆرستانی داعش و دابەزینی بەهای نەوتیان دەکردە بیانوو بۆ ئەو قەیرانە ئابوورییەی رووی لە عێراق کردووە، ئەوا لە ئێستادا بەهۆی نەمانی مەترسیەکانی داعش وەک جاران و بەرزبوونەوەی بەهای نەوت لە ئاستی جیهانی، ئەو بیانووە بۆ دەسەڵاتداران ناهێڵێت، هەر بۆیەش رەخساندنی هەلی کار و بەرگرتن بە بێسەروبەری بازاڕ زامنی سەقامگیری سیاسی دەبێت لە عێراق، بە پێچەوانەکەشی دەبێتە هۆی ئەوەی عێراق نەکەوێتە سەر سکەی سەقامگیری خۆی، ئەمەشیان دەبێتە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی ناڕەزایی درێژەیان دەبێت و بەشێوەو سیمای تر کە زۆر لەجارانی تر بەهێزتر دێتەوە مەیدان

بۆیە ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوەختە کە بەبەرهەمی ئەو بزاوتە جەماوەرییە هەژمار دەکرێت، دەبێت دامەزراندنی کابینەی تازە لەئاست ئەو پەیامە بێت کە بە خەڵکی عێراق دراون، لە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و راستەڕێکردنی پڕۆسەی سیاسی لە عێراق، بەشێوەیەک کە بە دووربێت لە دەستوەردانی دەرەکی و پشکپشکێنەی مەزهەبی، بۆیە ئەو هێزە کۆنەپەرستانەی کە عیراق بەڕێوە دەبەن ئەوەندەی ئینتیماو پابەندیان بۆ هێزە دەرەکییەکان و دەوڵەتانی دەورووبەر هەیە، ئەوەندە لەخەمی عیراق و خاک و دانیشتوانەی نین.



## بڕوا ڕەسوڵ: هەموو ناسەقامگیریی و گەندەڵی و خراپییەکی دەوڵەت و دەسەڵات باجە قورسەکەی کرێکاران و زۆرینەی جەماوەر دەیدات ...

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز بڕوا ڕەسوڵ مامۆستای زانکۆ، سەبارەت بە "عێراق و کوردستان دوای هەڵبژاردنەکان"

**بۆپێشەوە: ئایا بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پێش وەختە توانای ئەوەی هەیە، وەڵام بە ویست و داخوازی خەڵکی عێراق و کوردستان بداتەوە؟**

**بڕوا ڕەسوڵ:** لەبەرئەوەی تا ئێستا گەلانی عێراق نەبونەتە خاوەن نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان، و نوێنەرانی گەل نوێنەرایەتی زۆرینەی گەلانی ئێراق ناکەن، بۆیە تەواوی داخوازی و پێویستییەکانیان ناگاتە دامەزراوە دەوڵەتییەکان. لەدوا هەڵبژاردندا بەرەوژوری ٥٥٪ دەنگدەرانی ئێراق بەشداری هەڵبژاردنیان نەکردوە. بێگومان ئەوەی بەشدارینەکردوە ئەو خەڵکانەن کە زۆرترین پێویستییان هەیە و هەڵبژاردنە یەک لەدوای یەکەکان لایەنی کەمی گوزەرانیانی نەگۆڕیوە، بۆیە بێ هیوابوون لە هەڵبژاردن. بەم لێکدانەوەیە بێت ئەم هەڵبژاردنەش ناتوانێت وەڵامگۆی پێویستی و داخوازییەکانی گەلانی ئێراق بێت. لەلایەکی دیکەوە ڕاستە هەڵبژاردنی پێشوەختە لەژێر فشاری خۆپیشاندەران بوو، بەڵام یاسای هەڵبژاردن و ڕێکارەکانی دەنگدان جارێکی دیکە لە بەرژەوەندی هێزە بەرژەوەندخواز و هەژمونداەکان شکایەوە.

**بۆپێشەوە: شکستی هەڵبژاردنەکان لەرێگای بەشدارینەکردنی زوربەی زۆری خەڵکەوە، هەڵگری چ پەیامێکە؟**

**بڕوا ڕەسوڵ:** ئەگەر لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا بڕگەیەکی تایبەت بە ڕێژەی بەشداریکردن هەبوایە، (بۆ نمونە سەرکەوتنی هەڵبژاردن پێویستی بە بەشداریکردنی ٥٠٪ دەنگدەران بوایە)، ئەو کات شکستی هەڵبژاردن زۆر ڕونتر دەبوو، بەڵام ئێستا ئەو لایەن و هێزانەی هەڵبژاردنەکە لە بەرژەوەندییانە، هەڵبژاردن بە سەرکەوتوو وەسفدەکەن. بەشدارینەکردنی دەنگدەر بەم فراوانییە دوو لێکدانەوەی بۆ دەکرێت:

ا/ بێئومێدی لە گۆڕانکاری بەهۆی هەڵبژاردنەوە. واتە دەنگدەر پێیوانییە دەنگ و داخوازی ئەو لە هەڵبژاردندا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری.

ب/ نەبونی هێزێکی جیاواز لەو هێزە نەریتییانەی، کە چەند هەڵبژاردنێکە هەمان چیرۆکی شکستخواردویان بەردەوامی پێدەدەن.

**بۆپێشەوە: تا چەندە لاتان وایە داخوازییە سیاسی و حقوقیەکانی خەڵکی کوردستان، لەڕێگای بەشداری لە حکومەت و پەرلەمانی عێراقدا، بەدی دێت؟**

**بڕوا ڕەسوڵ:** ئەگەر بەشداریکردنەکە بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسی و حقوقییەکان بێت، ئەوا بەشداریکردن و کاری ڕژد هەر لەڕێگای بەشداریکردن لەم دام و دەزگایانەوە دەبێت. بەداخەوە نوێنەرانی کورد لە دروستبونەوەی ئێراقی نوێدا نەیانویستوە و نەیانتوانیوە داخوازییە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان بەدیبهێنن. هەمو هەڵبژاردنێک لایەنەکانی دیکەی ئێراق پێویستیان بە بەشداری هەرێمی کوردستان هەبووە، بۆ پێکهێنانی حکومەت و پیشاندانی یەکپارچەیی ئێراق، بەڵام ئەوە لایەنە کوردستانییەکان و نوێنەرانی هەرێمی کوردستانن، کە لەبەرانبەر داخوازییەکانی لایەنی ئێراقی داخوازی کەسی و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانیان پێش بەرژەوەندی گشتی و مافە یاسایی و سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان خستوە. ئەنجامی ئەو سیاسەتە پاوانخوازی و بەرژەوەندیخوازییە، خراپبوونی دۆخی ئابوری خەڵکی هەرێمی کوردستان و ڕۆژ بەڕۆژ خراپتربوونی کوردستانیانی ناوچە کێشە لەسەرەکانی لێکەوتۆتەوە، کە نەک نەیانتوانیوە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، بەڵکو نەیانتوانیوە لایەنی کەمی پێویستییە ژیانییەکانی گەلانی کوردستان بەدیبهێنن.

## بێگومان ئەوەی بەشدارینەکردوە لەهەڵبژاردندا ئەو خەڵکانەن کە زۆرترین پێویستییان هەیە و هەڵبژاردنە یەك لەدوای یەکەکان لایەنی کەمی گوزەرانیانی نەگۆڕیوە ...

**بۆپێشەوە: خەڵکی عێراق و کوردستان بە ڕەتکردنەوەی بەشداری لەهەڵبژاردندا، "نا" یەکی گەورەیان بە حزب و لایەنە سیاسیەکانیدا، ئەرکی داهاتووی خەڵکی عێراق و کوردستان لەبەرامبەر ئەو هێزانەدا چییە؟**

**بڕوا ڕەسوڵ:** کاری لە پێشینەی تاک و لایەنە نیشتمانیە خەمخۆرەکان ئەوەیە، لێکۆڵینەوە لەو "نا"یە گەورەیە بکەن، تا بتوانرێت وەبەرهێنانی تیا بکرێت، بە ئاراستەی لەدایکبوونی هێزێکی نیشتمانی خاڵی لە ئەجێندای دەرەکی و بەرژەوەندی کەسی و تایبەتی.

بۆ گەلانی ئێراق و لایەنە سیاسییەکان دەرکەوت، کە زۆرینەی خەڵکی ئێراق بە سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵات ڕازی نین و لە ئێستادا دەرەتانی گۆڕانکاریشیان لەبەردەستدانییە. بەڵام ئەم دۆخە خۆ هەروا بەردەوام نابێت، نارەزایەتی خەڵک ڕۆژانە زیاتر دەبێت و ئاسۆی گۆڕانکاری و چاکسازی تا دێت لێڵتر دەبێت. ئەم دۆخە پێوستی بە ڕامان و دواتر کاری ڕژد هەیە، تا بەهۆی گوتار و کەس و هێزی تازەوە ڕوبەڕوی ببینەوە.

**بۆپێشەوە: جەماوەری کرێکارو بێبەشی عێراق و کوردستان، ڕۆڵیان لە پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمانی عێراق، چۆن دەبێت؟**

**بڕوا ڕەسوڵ:** هەموو ناسەقامگیریی و گەندەڵی و خراپییەکی دەوڵەت و دەسەڵات باجە قورسەکەی کرێکاران و زۆرینەی جەماوەر دەیدات. لەم وڵاتە تازە دروستبوانەشدا بە دیموکراسییەکی ساختەوە تەنها دەرفەتی گۆڕانکارییان لە دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا کۆکردۆتەوە. لە کاتێکدا دیموکراسی پێویستی بەوە هەیە، کە لە دەرەوەی دەزگا دەوڵەتییەکان هێزی دیکەی فشار و گۆڕانکاری هەبن. ئەوەی دەبینرێت لە ئێراقدا جەماوەر و کرێکاران، تەنها دەتوانن بە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردندا ڕۆڵیان لە بەشداری سیاسیدا هەبێت، ئەویش لە چوارساڵ جارێکە و بەو جۆرەشە کە دەیان تێبینی و گومان لەسەر پرۆسەکە هەیە. ئەو نارەزایەتییە گەورەیەی لە ئێراقدا شەپۆلێکی گەورەی خۆپیشاندان و توندوتیژی لێکەوتەوە، دواجار هەر بە ڕازیکردنی خۆپیشاندەران بە هەڵبژاردن دامرکایەوە. بۆیە پێموانییە جەماوەر ڕۆڵی هەبێت لە بنیادنان و دروستکردنی حکومەتدا.

## بێئومێدی لە گۆڕانکاری بەهۆی هەڵبژاردنەوە. واتە دەنگدەر پێیوانییە دەنگ و داخوازی ئەو لە هەڵبژاردندا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری ...

## بۆ گەلانی ئێراق و لایەنە سیاسییەکان دەرکەوت، کە زۆرینەی خەڵکی ئێراق بە سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵات ڕازی نین و لە ئێستادا دەرەتانی گۆڕانکاریشیان لەبەردەستدانییە. بەڵام ئەم دۆخە خۆ هەروا بەردەوام نابێت، نارەزایەتی خەڵك ڕۆژانە زیاتر دەبێت و ئاسۆی گۆڕانکاری و چاکسازی تا دێت لێڵتر دەبێت. ئەم دۆخە پێوستی بە ڕامان و دواتر کاری ڕژد هەیە، تا بەهۆی گوتار و کەس و هێزی تازەوە ڕوبەڕوی ببینەوە ...

## درێژەی... شەو نییە شانم بەر شانی مردن نەکەوێ

دەتوانێت هەست بەوە بکات کەبەسەر وجودا زاڵ بووە..

کەواتە بۆگەیشتن بە ڕێگاکانی ناو دنیابینی خەیاڵی شاعیر پێویستە ئەوە بزانین کە دووجۆر لەخەیاڵمان هەیە..(خەیاڵی شعوری) و (خەیاڵی لاشعوری..) ،نوسەری دەق لەڕێگای خەیاڵی " لاشعوریەوە" وادەکات پێناسێکی کەسێتی و کەلتوری بۆ خۆی دروستبکات.

لە ئەنسرۆپۆلۆژیاشدا بەهەمان شێوە! خەیاڵ تەنها ڕێگایەکە کەمرۆڤ پەنای بۆدەبات بۆئەوەی بەسەر شکستە ئەنتۆلۆژییەکانیدا زاڵ بێت، لەوانە ترس لەکات و تیرۆری چارەنوس و ئەو تاریکیانەی کە بۆسەی بۆ دەنێنەوە لەژیاندا لێرەدا باس لەمردن دەکات.

دوای من تۆ ئازادی

دەتوانی ماڵەکەت بگوازیتەوەو

ئەدرەسەکەشت بگۆڕی

ئەوکاتەی من دەمرم

دەستەکانی تۆش پڕ دەبن

لەبۆنی کفن و داری عود

یەکەم شەوی ونبونم

ئاوێنەی ژووری نوستنەکە دادەگری

دەیکەیتە هەزار پارچەوە

هەرپارچەیەکیشی

لەقەڕاغ گۆڕستانێک فڕێ دەدەیت

حەکیم میرزا .. لەئەنجامی ئەزمونکردنی گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی لەڕێگای قەسیدەکانیەوە پێمان بڵێ، ئەشق هەروا سانا نییە، دۆزینەوەی شوناسی مرۆڤە لەناو خود ئاگاییدا ئەودەمەی دابڕان و دوورکەوتنەوە دروست دەبێ خاڵی پێگەیشتن نەیتوانیوە هێڵەکانی ژیان ببڕێ و ببنەوە بەیەک تا لەیەکدیدا گوزارشت لەویدی بکەن. کاتێک میرزا ڕاشکاوانە دەڵێ دوای من ئاوێنەی ژووری نوستنەکەم دادەگری و دەیکەیتە هەزار پارچەوە و هەر پارچەیەکی لەسەر گۆڕستانێک فڕێ دەدەیت، واتە لەدوای مردن ئیدی ئەعقیدەی ئەشق، وەک ئاوێنەیەک بووە پێشتر ئەمێستا هەزار پارچە بووە تاوەکو بەیەک پارچەیی نەمێنێتەوە چیرۆکەکانی ئەشق هەر کەسە لەگۆڕستانێک فڕێی بداو نەنوسرێتەوە..

شەو نییە شانم بەر شانی مردن نەکەوێت، دیوانە شعری برای شاعیر حەکیم میرزایە، میرزا لەڕێگای ئەم دیوانەیەوە ئەزمون گەلی خۆی دەنوسێتەوە، ئەو دەیەوێ لەڕێگای زمانی شیعرەوە موخاتەبەی دیوی ناوەوەی خۆی بکات.

هەڵبەتە گەر بپرسین کەداخۆ شاعیر ناونیشانی دیوانەکەیە بۆچی لە میحوەری مردنەوە سەرچاوەی دەگرێ، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ خوێندنەوەی تەواوی دیوانە شیعریەکەی، ئەوکات دەگەینە دەرئەنجامێک، زۆربەی زۆری شاعیران بەزمانی شیعری خۆیان لەچەمکەفەلسەفیەکەی مردن داوە، هەندێکیان لەبازنەی میسالیەتەوە لەمردنیان ڕوانیوە هەندێکی تریان لە بازنەی مادیەتەوە سەرچاوەی گرتوە، چەمکی مردنیش لای میرزا لەبوعدە مادیەکەوە سەرچاوەیان گرتوە واتە شاعیر کاتێک لەدەرگای مردن دەدات دەیەوێ موخاتەبەی بکات، موخاتەبەیەک بەمانای زیندوراگرتن ی ئەو کاتانەیە، کەبەردەوام خۆی بەدوور بگرێ لە دۆخێکی چەق بەستوو لەدیدو ئایدیاکی دۆگمایی، بەڵکو ئەو مەبەستێتی لەگەڵ هەر ناوهێنانێکی مردندا ، ئەنتی مردن بکاتە ئەڵتەرناتیڤی ژیانی کۆمەڵایەتی و بونیادی ڕۆشنگەریی کە بەردەوام لەنوێ بوونەوەدا خۆی بنوێنێ. واتە بڕوای بە چەمکی گۆڕانکاری هەیە، هەروەک هیراقلیتس دەڵێ ئەو ئاوەی یەکەمجار لێی دەخوێتەوە دووەمجار هەمان ئاو نییە؟ میرزاش بەم شێوەیە مردن بە دۆخە ئۆرگانیەکەی مرۆڤەوە دەبەستێتەوە و هیچ کاتێک لە دۆخێکدا نایبینێ.

شەو نییە شانم بەر شانی مردن نەکەوێ، دووەم دیوانە شعری حەکیم میرزایە، شاعر لە ئەزموونی شعری خۆیدا لەم دیوانەیدا ویستویەتی لەڕێگای شیعری درێژ و قەسیدەوە توانستە شعریەکانی خۆی تاقی بکاتەوە، واتە ئەم دیوانەی شاعر خۆی لە دوانزە قەسیدەی درێژ دەدات، هەڵبەتە بۆ نوسێنی قەسیدە، هەروا ساناو ساکار نییە هەر یەکێک بیەوێ قەسیدە بنوسێ، بەڵکو نوسینی قەسیدە نەفس درێژی شاعر دیاری دەکات، واتە بۆ چەمکێکی دیاری کراو شاعر بە یەک نەفەسی کورت نایەت قسە لەسەری بکات، بەڵکو هەناسەی شاعر پێویستی بە نەفسی درێژ هەیە، کاتێک دەڵێین نەفەسی درێژ واتە فراوانی لەخەیاڵی شاعیردا، چەند خەیاڵ لای شاعیر فراوانتر بێ هێندەی تر دەتوانێ بە هەماهەنگی زمان و ئەندێشە و چنینی وشەو ریتم و ئیقاع وێنا گشتییەکەی شعر بخولقێنێ کە دەرئەنجام لەخزمەت مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا خۆی ببینێتەوە.

## درێژەی دوا وتە

بە بزوتنەوەکە نەک نەبوو، بەڵکو وێڵی دواکەوتوترین نەریتی کۆنەپەرستانەو دەستێکەڵ کردن لەگەڵ نەریتی ئیخوانی کرد و نوێژی سیاسی و خیتابی سەرانی بزوتنەوەی گۆرانی لەگەڵ رەوتە ئیسلامیەکاندا، لەیەک مینبەری بەرەییدا نمایش کرد. سەر ئەنجامیش ١٧ شوبات و نارەزایەتی جەماوەری کردە بەردەبازێک بۆ بەشداری لەدەسەلات و پاشانیش تەنانەت ئامادەیی بۆ بەرگری لە خواستەکانی ١٧ شوبات نەبوو. بەمەش بزوتنەوەی گۆران لەیەکەمین دەرکەوتنیدا گورزیکی زۆر کەمەر شکێنی لە بزوتنەوەی نارەزایەتی لە کوردستاندا وەشاند و پایەکانی پیگرتنی ئۆپۆزیسیۆنی تریشی بۆ ماوەیەک زۆر لەبەین برد.

باسی مەلەفی نەوت، شەفافیەت، لێکجیاکردنەوەی دەسەلاتەکان و بەدامەزراوەییکردنیان، چاکسازی و گۆرانکاری... ئەو دۆسیانە بوون کە بزوتنەوەی گۆڕان بەدەستیەوە گرتن.

بەدەستەوە گرتنی هەرکام لەم دۆسیانە، لە بەرامبەر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا.... بەبێ ئەوەی جیاوازییە بناغەیەکانی خۆت لە زەمینە زۆر سەرەکیەکانی کۆمەڵگەو گرفتە بناغەیەکانیدا، لەگەڵ دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بخەیتە ڕوو، بانگەشەکانی پوچەڵ دەکردەوە.

نەبوونی جیاوازی روانینی بزوتنەوەی گۆران، بۆ پەیوەندی هەرێم و بەغدا و چارەسەری پرسی کورد و ئایندە سیاسیەکەی، بۆ دەستوری عێراق و فیدرالیزمی قەومی، نەبوونی جیاوازی بزوتنەوەی گۆڕان لە پەیوەند بە ئازادییەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکان. نەبوونی جیاوازی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ پەیوەندی ناوچەیی و نیونەتەوەیەکان، نەبوونی جیاوازی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ مامەڵە لەگەڵ پرسی دین و ژنان... نەبوونی جیاوازی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان... بەواتایەکی تر لیکچوونی بزوتنەوەی گۆران لەسەر پرسە زۆر گرنگ و سەرەکی و چارەنووسازەکانی کۆمەلگە لەگەڵ پارتی و یەکێتی، لەیەکەم رۆژەوە گۆرانی کردە پارتی و یەکێتیەکی تر، بە کۆمەڵێک دروشمی خۆشخەیالانە، کە ئاکامی نەناسینی واقعیەتی سیاسی دەسەلاتی میلیشیایی و تایبەتمەندیەکانی بوو.

دەنگ هێنانی بزوتنەوەی گۆران لە یەکەمین هەڵبژاردنیدا، هێندەی ئاکامی تۆڵەی جەماوەری لە پارتی و یەکێتی بوو، هێندە بەمانای قبوڵکردنی بزوتنەوەی گۆران و بروا هێنانی جەماوەری بە بزوتنەوەی گۆڕان نەبوو... بەتایبەتی بە پێچەوانەی دیدی بزوتنەوەی گۆڕانەوە بۆ هەموو کەسێکی سیاسی هوشیار رۆشن بوو دەستاو دەستکردنی دەسەلات لە ژێر سایەی دەسەلاتی داسەپاوی میلیشیاییدا لەڕیگای هەڵبژاردنەکانەوە، بەشوێنێک ناگات. بۆیە زۆر زوو دوای هەلبژاردنەکان رەوتی رەوینەوەی خۆشباوەری جەماوەری بزوتنەوەی گۆڕان دەستیپیکرد، بەتایبەتیش کە بزوتنەوەی گۆران" چوار ساڵی ئارامی" کردە، دروشم و بەفەرمی و بەکردەوە بانگەوازی ئاشبونەوەی جەماوەری لەگەڵ دەسەلاتدا بەدەستەوە گرت. و پاشانیش بووە بەشێک لەو دەسەڵاتە دز و گەندەڵ و تالانچییەی بزوتنەوەی گۆران بانگەشەی گۆرانی دەکرد.... گۆڕان گۆڕا بۆ دەسەلات و گۆرانکاری واقعی بۆ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، لە گۆڕەپانەکە ماوە.

بۆیە زۆر زوو وەهی بزوتنەوەی گۆران لەگەڵ واقعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی کۆمەلگەی کوردستان و پێکهاتەی دەسەڵاتدا، تووشی بەریەک کەوتنێکی خێرا بووەوە.

هەر ئەوەش وایکرد، زۆر زوو بەشێکی بەرچاو لە کاراکتەر و هەڵسوراوانی دیاری بزوتنەوەی گۆڕان لە گۆران کشانەوە و بەتایبەتی ئەوانەی لە یەکیتیەوە لەگەڵ نەوشیراوان و هاوکارەکانی نەهاتبوون.

بەم جۆرە شکستی بزوتنەوەی گۆران و داکوژانی، لە دواین هەڵبژاردنەوە دەست پێناکات... لەدروست بوونیەوە ماکەکانی لە بەین چوونی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو. هەڵتۆقینێکی خێرا لە دڵی تورەییەکی بەرینی جەماوەریدا، هاوکات پاشەکشەیەکی جەماوەری خێرا و شکستێکی سروشتی لەدڵی نارەزایەتیەکی جەماوەری تردا....دوانەیەکی لێک دانەبڕاون. ئەو جەماوەرە تورەیەی لە یەکەمین هەڵبژاردندا سزای پارتی و یەکێتیاندا، دواتر لە شەقامدا لەپاڵ سوتاندنی بارەگاکانی پارتی و یەکێتی مەکۆی بزوتنەوەی گۆرانیشیان ئاگردا. بەشیکی زۆر لەسەرانی گۆران بەهۆی هەمان پیکهاتە و سروشتی پارتی و هەلگری هەمان نەریتەکانی، بوون بەپارتی و ئیستا لەسەری رەش راوێژکاری بارزانی باوک و کوڕن. لە وەزارەتخانەکاندا گوێگری پارتین، لەسەرۆکایەتی هەریمدا هیچ کارە و موچەخۆرێکی بێدەنگکراون.

نەریتەکانی بزوتنەوەی گۆران هاوشێوەبوونی لەگەڵ نەریتەکانی پارتی و یەکێتی، بە بەڵگە سەلمێنران...

نەوشیروان مستەفا، کە بەکەسیکی سادە، خاکی و ناگەندەڵ و تیوەنەگلان لەتالانی و وەکو دژ بەری تەوریسی سیاسی دەناسێنرا، پێچەوانەکەی بە کردەوە دەرکەوت. بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر نەوشیراوان مستەفا وەکو ملیاردێرێک مرد... بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر سەرەوت و سامانە ملیاردیەکەی بەر لە مردنی گواستەوە بۆسەر حسابی کورەکانی...هاوکات وەکو برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی سەرانی تری بزوتنەوەی کوردایەتی ئەویش گردێک کە مولکی گشتی بوو بەمردووی تاپۆی خۆی کرد. تەورسی سیاسی، وەکو هەرکام لەحزبە بنەماڵەییەکان لە گۆراندا گرتەبەر. ریزی دەرویشەکانی کە دەڵێن کورانی نەوشیروان مستەفا وەکو کورانی ئیمامی عەلی" حەسەن و حسێن" پیرۆزن.... ئێستا باس لە چارەسەری دۆخی گۆران دەکەن. دەڵێن کوڕانی نەوشیروان مستەفا لە گەورەترین زانکۆ خوێندویانە، وەکو ئەوەی هەرچی لە زانکۆی گەورە سیاسەت و قانووی خوێند، بەمانای وەرگرتنی پسوڵە و مەدالیای بوون بە سەرۆکی حزب و سیاسەتمەدار و کاریزما...بوون بێت. سڵاو لە عەقڵتان بۆ بەڵگەو فاکتە عەجایەبەکانتان!!

بزوتنەوەی گۆران وەکو دەسەلاتی سیاسی هەرێم هیچ چاکسازیەک هەڵناگرێت، لەسەر زبڵدانی هەمان نەریتی بزوتنەوەی کوردایەتی پایەکانی رۆنراوە کۆپییەکی ئاشکرای پارتی و یەکتییە... بێگومان کۆپیش لە چاو نسخە ئەسڵیەکەی بێ بەهاترە.

بزوتنەوەی کوردایەتی، وەکو بزوتنەوەیەکی بۆرژوازی هیچ خەسڵەتێکی شۆرشگێرانەو پێشکەوتنخوازنەی نەبووەو نییە، بۆیە هیچ حزبێکی مەدەنی، لیبرال، عەلمانی... ناتوانی لەخۆیدا جێگا بکاتەوە.

شکست و دارمانی بزوتنەوە گۆڕان، بەرهەمی سروشتی و جۆری پێگرتن و چۆنیەتی پێکهاتنی بوو، کە لە بنەرەتدا جیاوازی لەگەڵ پارتی و یەکیتیدا نەبوو... دوبارە بیناکردنەوەشی لە وەهم زیاتر نییە.

**کۆتایی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

حەسەن ڕازانی، ئاراس رەشید،هەتاو عەبدوڵاهی، مستەفا باهیر، عەبدوڵا مەحمود، هیوا سالح، کاوان قادر،جەمال نوری، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، خالید بایەزیدی،حەکیم میرزا، عبدالرحمن رەسوڵ...

لەگەڵ دۆسیەکی تاییەت سەبارەت بە"عێراق و کوردستان دواى هەڵبژاردنەکان"

# چەند شیعریکی/ خالید بایەزیدی(دلیر)



-1

منالێک بە باوکی وت:

باوکە گیان

ئێمە بۆ هەژارین

ئێمە بۆ ژێردەستی سەرمایەدارین

باوکی وتی:

روڵە گیان

تاکوو خوا هەتا هەتایە

لە نێوماندا بمێنێ

مافییشمان نەدەنێ بشمان

چەوسێنەوە

هەربڵێین خوا حەقمان دەستێنێ

2-

هەموو رۆژی

ژیان

لەسەر کوڵی مەرگ دادەنێم

بۆ پارووییە نان

بە مەرگ دەڵێم

بەخوا بڵێی:

ئەم ژیانە هەرپێشکەش بە خوت

3-

ئێش و ئازار

دوو هاورێ هەمیشەیی

کرێکار

4-

نان و

خانوو و

ئازادی

سێ خەونی سەرەکی

کرێکارانن

لە کومەڵگەی سەرمایەدار

5-

خوزگایە

توانی بایەم

ئارەقی کرێکارێکم

نووسیبایە

لەسەر روخساری جیهان

وە بە دونیام نیشان دابا

ئارەقی بەفیرۆچووی کرێکار


## دوا وتە

# هۆکارى سەرەکى داکۆژانى ڕۆڵى سیاسى بزوتنەوەى گۆڕان!

## عەبدوڵا مەحمود

رەوتی داکوژانی رۆڵی بزوتنەوەی گۆران لە زەمینەی سیاسی و جەماوەریدا، هاوتەریبە بە پێگرتن و هاتنە مەیدانی بزوتنەوەکەوە.

بزوتنەوەی گۆران بە پێچەوانەی دیدی زوربەی نووسەر و نوخبەی سیاسی، خیلێکی بەرینی دەرویش ئاسای گۆران، بزوتنەوەیەکی سیاسی خۆرسک، حزبێکی جیا لە پارتی و یەکێتی نەبوو.



بزوتنەوەی گۆران... لەلایەن چەند کاراکتەرێکی سەرەکی و تۆراو نیگەران لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بەتایبەتیش نەوشیروان مستەفاوە بەردی بناغەی تەلارە ریکخراوەیەکەی، دانرا. جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفا و بەشێک لە هاورێکانی لە یەکێتی نیشتیمانی، بووە هۆکارێک بۆ جیابوونەوەی بەشێکی زۆری کادر و ئەندام و لایەنگران و جەماوەرەکەی و پەیوەست بوون بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە.

ئەو کاتەی کە ئەم کاراکتەرانە لە یەکیتی نیشتیمانی جیابوونەوە، تورەیی و نارەزایەتی جەماوەری لە هەڵکشانێکی خێرادا بوو، کۆمەلگەی کوردستان لەسەرو بەندی راسانێکی جەماوەریدا بوو، یەکێتی و پارتی وەکو دووهیزی سەرەکی کەوتبوونە بەردەم شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری. لەدڵی ئەم هەلومەرجەدا باس لە فریاد رەس و پاڵەوانێک بۆ نوێنەرایەتی کردنی نارەزایەتی و تورەیی رەوای جەماوەری قوڵپی دەدا، لە غیابی هیزیکی سیاسی شورشگێری چەپ و کۆمۆنیستی بەهیز، بزوتنەوەی گۆران بە بانگەشەی "گۆڕان" کە خەڵکی کوردستان ویڵی گورانکاری بوون... توانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و دەیان کاراکتەری سیاسی و جەماوەری تر لە بزوتنەوە کۆمەلایەتیە جۆرواجۆرەکان رابکیشێتە ژێر چەتری خۆی و لە چوارچیوەی بزوتنەوەی گۆراندا کۆیان بکاتەوە. بەواتایەکی تر بزوتنەوەتی گۆڕان توانی سواری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ببێت و جڵەوی بزوتنەوەکە بکات و بەو ئاقارەی کە گۆران دەیەویست ئاراستەی بکات. برگەی ١٧ شوبات، ئەو برگەیە بوو کە توانی بزوتنەوەی گۆران لەگەڵ یەکەمین ئەزمونی شەقامدا، لە محەک بدات... لەگەڵ ئەوەدا بزوتنەوەی گۆران ئاسۆی سیاسی خۆی زاڵی ١٧ شوبات کرد، جڵەوی نارەزایەتیەکەی بەدەستەوە گرت، بەڵام توانای بەخشینی هیچ جولەیەکی شۆرشگێرانەی

بۆ لاپەڕە 15

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح

